# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە ٦٣٨، چوارشەممە، ١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٣، ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی قوربانەوە

## بەیاننامەی یەکیەتیی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مامۆستایانەوە

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی سەبارەت بە گیان لە دەستدانی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات

لاپەڕە ٢



گەشبینیی پێنتاگۆن، متمانەی باشوور ٤


خومەینی فیلترینگی لە ئێران تووندتر کردووە ٥


شووری شیرین و چێ بە چ ئامانجێ ٦


خوێندنەوەیەک بۆ ئەنجامەکانی جەنگ دژی خەلافەتی ئیسلامی (داعش)... ٨


# کۆبانێ تەنیا نیە




حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا خوازیاری پاڵپشتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بەرخۆدانی خەڵکی کۆبانێ بەرانبەر بە هێرشی ڕێکخراوی تێرۆریستیی داعش بوون.

لەم بەیاننامەیەدا هەروەها داوا لە خەڵکی کوردستان و کوردەکانی تاراوگەش کراوە کە بە دەربڕینی نارەزایەتی لە شێوازی جۆراوجۆر و لەگەڵ دەربڕینی هاوپشتیی خۆیان، لە هەمان کاتدا پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەییش بۆ خەڵکی بێ تاوانی کۆبانێ دەستەبەر بکەن.

لە لایەکی دیکەوە، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە کرد کە بە هانای خەڵکی کۆبانێوە بچن.

بان لەم بانگەوازەدا پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێی بە پێویست زانیوە. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوونی کردۆتەوە کە نیگەرانی چارەنووسی هاووڵاتیانی کۆبانێیە و بە وردی چاوەدێریی ڕووداوەکان دەکات.

پاش چەندین ڕۆژ خۆڕاگریی خەڵکی کۆبانێ، ڕۆژی سێشەممە (٧ی ئۆکتۆبر، ١٥ی ڕەزبەر) هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دژ بە بنکەکانی گرووپی تێرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی لە دەوروبەری ئەم شارە دەستی پێ کرد. ئەم هێرشانە بە جۆرێك بوون کە هەر لە ڕۆژی یەکەمدا، تیرۆریستەکانی ناچار بە پاشەکشە لە هێندێك دەڤەری کۆبانێ کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی "CNN" و بەپێی گێڕانەوەی ستادی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا، بنکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە نزیك کۆبانێ بە درێژایی شەوی سێشەممە پێنج جار کراونەتە ئامانجی هێرشی ئاسمانی.

جین ساکی، وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لەمەڕ ئەم هێرشانە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە: "بە دڵنیاییەوە هیچ کەس نایهەوێ داگیرکرانی کۆبانێ ببینێت، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئێمە پێشگرتن لە دەسپێڕاگەیشتنی دەوڵەتی ئیسلامی بە پێگەیەکی ئەمن و سەقامگیرە".

ساکی جەختی کردەوە کە "بەو حاڵەش ئەگەر نەمانویستبایە لە ناوچەکە بەرانبەر بە دەوڵەتی ئیسلامی پشتیوانی بکەین، ئەم هێرشانە بەتایبەتی هێرشەکانی شەوی ڕابردوومان ئەنجام نەدەدا".

هاوکات، نارەزایەتییەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ درێژەی هەیە. لە خۆپیشاندانە بەربڵاوەکانی خەڵکی کورد لە تورکیە و باکووری کوردستاندا بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بە نەبوونی پشتیوانیی سەربازیی تورکیە لە خەڵکی کۆبانێ تا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لانیکەم ٢١ کەس کوژراون.

شەڕ لە نێوان خەڵکی کۆبانێ و تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە حاڵێکدا درێژەی هەیە کە تا ئێستا لانیکەم ٤٠٠ کەس لە سێ حەوتووی ڕابردوودا لە کۆبانێ گیانیان لە دەست داوە و ١٦٠ هەزار کەسیش لە دانیشتوانی ئەم شارە پەنایان بۆ سنوورەکانی تورکیە بردووە.

دەقی تەواوی بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کۆبانێ، لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەدا هاتووە.

## ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید:

# لە ماوەی یەک ساڵدا لە ئێران ٨٥٢ کەس ئێعدام کراون

ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری مافی مرۆڤدا لە ئێران، شەشەمین ڕاپۆرتی خۆی بڵاو کردەوە.

ئەم ڕاپۆرتە باس لەوە دەکات کە لە نێوان ژوویيەی ٢٠١٣ تا ژووەنی ٢٠١٤، لانیکەم ٨٥٢ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە ئەم ئامارە " پیشاندەری زیادبوونی مەترسیداری ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێراندایە". ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا وتوویەتی کە حکوومەت هێشتا بەردەوامە لە ئێعدامی مێرمندالان، لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٤دا هەشت کەس، کە وێدەچێ تەمەنیان لە کاتی ئەنجامی تاوانەدا لە ژێر ١٨ ساڵدا بووە، ئێعدام کراون.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ ئێعدامی کەسەکان لەبەر بەرێوەچوونی مافە پارێزراوەکان وەك ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەیە و بە توندی نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە و وادیارە کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ تۆمەتگەلی وەك دژایەتی خودا و گەندەڵ بوون ڕووبەڕوو دەبنەوە. ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید دەڵێ چوار "چالاکی فەرهەنگی" عەرەب لە ساڵی ٢٠١٤دا ئێعدام کراون و ئێعدامی چەن کەسی سوننەی کوردیش بەم نزیکانە چاوەڕوان دەکرێ.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لەو ٢٤ کەسەی کە لە تورکیە وتوویژیان لەگەڵ کراوە، ٢٠ کەسیان لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا بوون و ئێعدامی دەستکردیان ئەزموون کردووە. ئەوان هەروەها هەڕەشەی دەسدرێژی جنسیان لەسەر بووە و چەندین جار ئەشکەنجە کراون و بە شۆکی کارەبایی و سووتاندن ئازار دراون.

ڕاپۆرتەکە هەروەها دەڵێ لە ئێراندا، ڕاپۆرتگەلی سەبارەت بە بڕینی ئەندامانی جەستە و قامچی لێدان کە لەگەڵ ماددەی ٧ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی شارۆمەندی و سیاسیی ناکۆکی هەیە، بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها سەرەڕای بانگەشەکانی حەسەن ڕووحانی، ڕاپۆرتەکە دەڵێ لانیکەم ٣٥ ڕۆژنامەوان لە ئێراندا لە بەندیخانەدان و باس لەوە دەکرێ ك زۆربەیان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و لێپرسینەوەی کاربەدەستاندان.

ڕێپۆرتێرەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها هێما دەکات بۆ دەسبەسەر کردنی هەندێ لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و بە ڕاگەیاندنی ژمارەی ماڵپەڕە هەواڵدەرییە، ناوچەیی، هونەری و کۆمەڵایەتییە فیلتێرکراوەکان لە ئێراندا دەڵێ، دۆسییەکانی پێوەندیدار بە بەکارهێنەرانی دیکەی ئینتێرنێت و سەرکوتی نێوەڕۆکی ماڵپەڕەکان و وێبلاگەکان نیشانەیەکە لە ڕەوتێکی گشتیی سەرکوتی ئازادی ڕادەربڕین و لە هەندێ حاڵەتدا ئازادی جموجۆڵ.

ڕاپۆرتەکە لە بەشی مافی کەمایەتییە ئایینییەکاندا دەڵێ کە پێشێل کردنی مافی بەهاییەکان، سوننەکان، مەسیحییەکان و دەروێشەکان بەردەوامە، بە شێوەیەك کە لە ئاگۆستی ٢٠١٤ لانیکەم ١٢٦ بەهایی لە ئێراندا لە بەندیخانەدا بوون و ڕووخاندنی شوێنە ئایینییەکان، گۆڕستانەکان و شوێنەکانی دۆعاخوێندن و کەنیسەکان بەردەوامە.

ڕاپۆرتەکە باس لەوەش دەکات لانیکەم ٤٩ مەسیحی پرۆتێستان لە ئێراندا بەند کراون کە زۆربەیان بە هۆی بەشداریی لە کەنیسە بنەماڵەییەکاندا دەسبەسەر کراون. لە ئاوریلی ٢٠١٤دا هێزە ئەمنییەکان هێرشیان کردووەتە سەر کەنیسەیەکی بنەماڵەیی لە باشووری تاراندا و ٦ کەسیان دەسبەسەر کردووە. لانیکەم ٩ دەروێشیش لە ئێستادا لە بەندیخانەدان و بە کەمی ١٥٠ سوننە لەبەر ڕێکخستنی کۆبوونەوە ئایینییەکان بەند کراون.

## پەیڤ

### ناهید حسێنی

کوردستان لێوڕێژی ڕووداو و هەواڵە. ڕۆژانە لە هەر گۆشە و قوژبنێکی وڵات بە دەیان و سەدان شت ڕوو دەدەن کە بەشێکیان کاریگەرییان لە سەر ژیانی بەشێکی کۆمەڵگا یا ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و یا کولتووری هەیە و دەبنە هەواڵ. ڕووداو یا هەواڵ شتێکە کە بووە و لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە، بە کوردستانیشەوە دەبێ و دەکرێ بە شێوەی بەرچاو یا ئۆبژێکتیو و عەینی بگوازرێتەوە. پێویستی ئەم کارەش ئەوەیە کە دەزگای ڕاگوێزەرەوەی هەواڵ پشت بە سەرچاوەی پێوەندیدار بە هەواڵەوە ببەستێ، لە چۆنیەتی و لایەنە جیاوازەکانی هەواڵەکە بکۆڵێتەوە و لە میانەی ڕاگوێستنی خودی هەواڵەکەدا هەوڵ بدا ڕاستیەکان بۆ بیسەر، خوێنەر یا بینەری خۆی ڕوون بکاتەوە.

تەنانەت ئەگەر دەزگای ڕاگوێزەرەوەی هەواڵ بیەوێ خودی هەواڵەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەشەوە بیگوێزێتەوە، ناکرێ بەر لە گوێستنەوەی خودی هەواڵەکە، لێکدانەوەیەکی چەواشەکارانەی وا بدا کە هەواڵەکە بخاتە چوارچێوەیەکی جیاوازتر لەوەی کە ڕووداوەکە تێدا قەوماوە. لەو ڕوانگەیەشەوە پێویستە پێوەندی بەو لایەنەوە بگیرێ کە لە هەواڵەکەدا ناوی دەبردرێ و بە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ دەژمێردرێ.

ڕووداوی شەهید بوونی پێشمەرگەیەك و شێوەی ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە لە لایەن دەزگای "وشە"وە، بابەتی بەرپرسایەتیی میدیا لە بەرامبەر ڕووداوەکان و شێوەی گواستنەوەی هەواڵەکانی بە شێوەیەکی زەق خستە ڕۆژەڤەوە. گەلۆ دەکرێ دەزگایەکی میدیایی کە خۆی لە بەرامبەر خوێنەران و بیسەرانی خۆی دا بە بەرپرس دەزانێ، بە شێوەیەکی یەك لایەنە و مەبەستدار، بە شێوەیەك ڕووداوەکە بگوێزێتەوە کە لە جیاتی ڕوونکردنەوەی خودی ڕووداوەکە، یارمەتیدەر بێت بۆ چەواشە کردنی هەواڵێك کە هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە و هیچ زانیارییەك لە چۆنییەتی ڕوودانەکەی لەبەردەستدا نییە.

دەزگاکانی میدیا، چ سەربەخۆ بن یا ڕەنگ و ڕووی سیاسی، حیزبی، ئایدیۆلۆژی و تەنانەت بازرگانیشیان بێ، لە بەرامبەر کۆمەڵگا و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا خاوەن میسیۆن یا ڕاسپاردەیەکی گرینگن. بۆیەش ڕاگویستنی هەواڵی چەواشەکارانە، تەنیا بە پشت بەستن بە دەنگۆی مەبەستدار، بێجگە لەوەی کە زەربە لە متمانەی بیسەر، بینەر و خوێنەری ئەو دەزگایە دەدا، کولتووری چەواشەکاری و ناڕاستیش بە هێز دەکا. بەرەوپێشبردنی کولتووری چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی ناڕاستی، تاوانێکی گەورەیە لە بەرامبەر هەموو کۆمەڵگا دا.

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی قوربانەوە

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خوشك و برا موسوڵمانەکان!

بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربان، پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەش بە هەموو موسوڵمانان بە تایبەت خۆشك و برا موسوڵمانەکانمان لە کوردستان دەکەم. بە داخەوە لەم مانگانەی دواییدا و تەنانەت لە ڕۆژانی جێژنیشدا هەموو لایەك شاهیدین کە نەتەوەکەمان لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان ڕووبەڕووی زێدەخوازی و پەلامارەکانی خەلافەتی ئیسلامیی سوننە بوونەتەوە و ڕۆژانە خەڵکی ئاشتیخوازی کورد لە ڕێگای بەرگری کردن لە ماڵ و زێدی خۆیان دەبنە قوربانی و ناچار دەکرێن ماڵ و شوێنی ژیانیان بە جێ بێڵن و ئاوارەی هەندەران بن. لە لایەکی دیکەش خەلافەتی ئیسلامیی شیعە لە ئێران هەروا درێژە بە ستەمکاری بە سەر هەموو نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت کوردەکانی ئەو وڵاتە دەدا و لە بەرچاوی دنیا لاوەکانمان لە سێدارە دەدا و مافخوازەکانمان ڕەوانەی زیندانەکان دەکا و هەموو مافە سیاسی و ئینسانییەکانی لێ زەوت کردوون. بە هیوای نەمانی ئەو دوو خەلافەتە و ڕزگاربوونی خەڵك لە ژێر زەبروزەنگ، لە ژێر هەر ناو و حکوومەتێکدا.
هیوای ڕۆژانێکی پڕ لە خۆشی و جێژنی ڕاستەقینەتان بۆ دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتیی
مستەفا هیجری

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی سەبارەت بە گیان لە دەستدانی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات

ساعت ٩:٢٠ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣٩٣/٧/١٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٤/١٠/٤ی زایینی لە نزیك بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند تەقەیەك دەبیسترێ و دەستبەجێ تیمی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەنە شوێنی تەقەکە. بە گەیشتنی ئەو تیمە دەردەکەوێت کە بەداخەوە پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی "یەزدان حەمیدنژاد" کوڕی نەریمان خەڵکی شاری ئیسلام ئاباد سەر بە پارێزگای کرماشان، گوللەی بەرکەوتووە و گیانی لە دەست داوە. بە دوای ئەو ڕووداوەدا دەستبەجێ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پۆلیس و ئاسایشی شاری کۆیە لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەستی پێ کردووە. لەو پێوەندییەدا جێگای داخ ئەوەیە سایتی "وشە"، بەبێ پرسیار لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئاگاداربوون لە چۆنییەتی ئەو ڕووداوە کەوتووەتە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی ناڕاست و هەڵبەستراو و ئامانجدار کە بە تەواوی ڕەتی دەکەینەوە. ئاساییە دوای بە ئاکام گەیشتنی لێکۆڵینەوەکانی دەزگا پێوەندیدارەکان لەو بارەوە، ڕای گشتیی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
٥ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٤ی زایینی

## بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی حیزبی کرێکاری بریتانیا

نوێنەرایەتیی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بریتانیا بە سەرپەرستی ئاکام ڕەحیمی و بە بانگهێشتی فەرمیی حیزبی کرێکاری بریتانیا لە کۆنفرانسی ساڵانەی ئەو حیزبەدا بەشداریی کرد. کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکار لە مەنچێستەر بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی بریتانیا و نوێنەر و سەفیری زۆرێك لە وڵاتان بەڕێوەچوو. لەو کۆنفرانسەدا شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە چەندین کۆبوونەوەی پێوەندیدار بە باس کردن لە سەر سیاسەتی دەرەوەی حیزبی کرێکار و بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری کرد و لەم کۆبوونەوانەدا بیروڕایان لەگەڵ بەشداراندا ئاڵوگۆڕ کرد.

## بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هولەند بەشداریی کۆنفرانسی دادپەروەری بۆ کوردەکانی ئێرانی کرد

ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، لوقمان ئەحمەدی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات لە کۆنفرانسێکدا لە ژێر ناوی "دادپەروەری بۆ کوردەکانی ئێران" لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (UNPO)ـەوە ئامادە کرابوو و لە پارلمانی هولەند بەڕێوەچوو، بەشداری کرد. ئەم کۆنفرانسە کە لە دوو پانێل پێکهاتبوو، لە پانێلی یەکەمدا پرۆفسۆر "مارتین ڤان برونیسێن" باسێکی لەسەر مێژووی کورد و خەباتی ئازادیخوازانی کوردستان لە کوردستانی ئێران پێشکەش کرد. پاشان لە پانێل دووهەم، لوقمان ئەحمەدی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەو کۆنفرانسەدا وتاریان پێشکەش کرد. پاشان فرانك ڤان دالێن، بەرپرسی ڕێکخراوی فۆرومی ئێران، وتارێکی لەسەر چۆنیەتی و گرفتەکانی پرسی کوردستانی ئێران لە ئاستی سیاسیی و ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشکەش کرد.

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە سەبارەت بە کۆبانێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە دۆخی نالەباری کۆبانێ بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە.

دەقی بەیاننامەکە بەم چەشنەیە:

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران!

هەروەك ئاگادارن لە ماوەی ڕابردوودا تیرۆریستانی گرووپی ناسراو بە داعش هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر شاری کۆبانێ دەست پێ کرد و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا دەیان هەزار کەس لە ترسی کۆمکوژی تیرۆریستان ئاوارە بوون و ئێستا لە دۆخێکی ناهەمواردا ژیان بەسەر دەبەن و لە لایەکی دیکەوە لاوانی تێکۆشەر و هێزە خەباتگێڕەکانی نیشتەجێ لە کۆبانی لە بەرانبەر ئەم هێرشە درندانەیە دەستیان داوەتە بەرگرییەکی ئازایانە و لە شەڕێکی نابەرانبەردا بە کەمترین ئیمکانات دیفاع لە بەشێك لە خاك و خەڵکی کوردستان دەکەن .

هاوکات لەگەڵ ئەوەی داوامان لە کۆمەڵگای جیهانی ئەوەیە کە بە خێرایی بە هانای خەڵکی کۆبانێوە بچن و هەر لەو پێوەندییەشدا داوا لە ئێوە خەڵکی مافویست و مافخوازی کوردستان دەکەین هەروەك لە ڕابردودا یار و یارمەتێدەری بەشەکانی کوردستان بوون لە کاتی لێقەوماندا، ئەمجارەش بە هەڵوێستێکی نەتەوەیی لە ڕێگای گونجاو نارەزایەتی خۆتان بەرامبەر بەو سەرکوتە دەرببڕن و پشتیوانی لە داخوازی خەڵکی کۆبانێ بکەن.

هاوکات پێویستە کوردانی تاراوگە بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان هەڵسن و بە دەربڕینی نارەزایەتی بە شێوازی جۆراوجۆرو لەگەڵ دەربڕینی هاوپشتی خۆیان لە هەمانکاتدا پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیش بۆ خەڵکی بێتاوانی کۆبانێ دەستەبەر بکەن.

لەم پێوەندییەدا نابێ لە بیر بکەن کە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش نیە و ساڵانێکی زۆرە کە خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکا و لەم قۆناغەدا دەیهەوێ بیروڕای خەڵکی چەواشە بکەو وا بنوێنێ کە دۆستی کورد و دوژمنی تیرۆریستانی داعشە لە کاتێکدا درووست بوونی ئەم دۆخە بە هۆی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سوریە و پشتیوانی کردنی لە ڕێژیمی ئەسەد و تیرۆریستانی دیکە لە ناوچەکەدا بوو، بۆیە دەبێ کۆماری ئیسلامیش هەروەک گرووپی داعش و تیرۆریستانی دیکە مەحکووم بکرێ.

سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان و نەمان بۆ تیرۆریستان و تیرۆریستپەروەران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی
زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی

## ڕوونکردنەوەی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە سەبارەت بە ئیدعای وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە ئیدعای مەحموودی عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە.

دەقی ڕوونکردنەوەکە بەم چەشنەیە:

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ٧ی ئوکتوبری ٢٠١٤ی زایینی، هەواڵێك لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا بڵاو کرایەوە کە مەحموودی عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر ئەو ڕۆژە لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی ڕێژیمدا ڕایگەیاندووە کە دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم لەگەڵ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە مەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەو لایەنانە بۆ ڕێژیم، دانیشتنی بووە.

لەو بارەوە پێویستە ڕابگەیەنین کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هیچ ئاڵوگۆڕێك بەسەر سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کورد و مافەکانیدا پێك نەهاتووە تا پێویست بە وەها دانیشتنێك بکا.

بەمجۆرە هەموو لایەك ئاگادار دەکەین کە ئەو ئیدعایەی وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە هەیە بە تەواوی ناڕاستە و نەك هیچ دانیشتنێکمان لەگەڵ ڕێژیم نەبووە، بەڵکوو تەنانەت هیچ ڕاسپاردەیەکیش لە نێوان ئێمە و ڕێژیمدا ئاڵوگۆڕ نەکراوە، ئێمە تەواوی قسەکانی مەحموودی عەلەوی کە ناڕاست و بێبنەمایە بە تەواوی ڕەت دەکەینەوە.

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی
زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٣٩٣/٧/١٦هەتاوی بەرانبەر بە
٢٠١٤/١٠/٧ی زایینی

## بەیاننامەی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مامۆستایانەوە

مامۆستایانی نیشتمانپەروەری کوردستان:

ڕێکخراوی یونسکۆ، ساڵی ١٩٩٤ لە کۆبوونەوەی وەزیرانی پەروەردەی وڵاتانی ئەندام لە یونسکۆ، ڕۆژی ٥ی ئوکتۆبری وەکوو ڕۆژی جیهانی مامۆستایان دیاریکردووە، هەروەها ئەمساڵی بە "خەرجکردن بۆ مامۆستایان، دەسمایەیە بۆ پاشەڕۆژ" ناودێر کردوە ، هەتا بەو بۆنەوە ئاستی چۆنایەتی فێرکاری بەرز بێتەوە و کۆمەڵگا بایەخ و بەهای پێویست بە مامۆستایان بدات. ڕۆژی جیهانی مامۆستا لە حاڵێکدا بەڕێوە دەچێت، کە لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کەش و هەوای ناسالم و ئەمنییەتی دەسەڵات هەتا دێ زیاتر بە سەر پەروەردەدا زاڵ دەبێ. لە ئاکامی ئەم دۆخەدا، گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مامۆستایان، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی و گوشار و چاودێری نارەوا بۆ سەر کۆڕ و کۆبوونەوەکانی مامۆستایان لە پەرەسەندن دایە. دەستێوەردانی بێجێی ڕێژیمی ئێران لەمەڕ دیاریکردنی خەت و نیشان بۆ کتێبە دەرسییەکان، قوتابخانە و ناوەندە فێرکارییەکان و ناچارکردنی مامۆستایان بۆ وتنەوەی کتێب گەلێکی بێ ناوەرۆك هەروا درێژەی هەیە. ڕێژیمی ئێران لە کاتیکدا باسی پرسی بردنەسەرەوەی بوودجەی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە زیاتر لەسەدا ٩٥ی ئەم بوودجەیە سەرفی مووچەی پێرسونێلی وەزارەتەکەی دەبێ و لە ئاکامدا شتێك بە ناوی دەسمایە بۆ داهاتووی مامۆستایان نامێنێتەوە. بەو حاڵەش ڕادەی مووچەی پێرسونێلی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ ڕادەی بەرزبوونەوەی هەڵاوسان یەك ناگرێتەوە. زۆربەی مامۆستایان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. هەر بۆیە مامۆستایانی کوردستان و ئێران ناچارن بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان لە پەنا وانەوتنەوە کاری دیکە بەکەن. هەر بۆیە ئاستی خوێندن و خوێندنەوە لە قوتابخانە و ناوەندە فێرکارییەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە نزمبوونەوەدایە.

مامۆستایانی بەڕێز:

لە وڵاتانی دێموکراتیك و پێشکەوتوودا ڕەوتی پەروەردە وەك بەشێکی هەرە کاریگەری پرۆسەی فێرکاری دێتە ئەژمار. هەروەها دەرەتانی هەلی چالاکی و کۆڕوکۆبوونەوەی تایبەتی بە مامۆستایان ڕەخساوە، چونکە دەتوانێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ناو کۆمەڵگادا بخولقێنن. هەروەها جێگە و پێگەی مامۆستایان لە ئاست ڕووداو و پرسە هەستیارەکانی ڕۆژ بە ڕادەی کاریگەری ئەوان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادەی بەشداریان لە بزووتنەوە گشتییەکاندا گرێ دراوە. هەر بۆیە چالاکی کۆمەڵایەتی وڵاتانی دێموکراتیك بە مەبەستی گۆڕانکاری، پێشاندەری گەشەی فەرهەنگییە و لەگەڵ توێژی مامۆستا پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. سیستمە دێموکراتیکەکان پێیان وایە کە ڕێگەدان بە پێکهاتنی ڕێکخراوەی پیشەیی مامۆستایان، دەرفەتی گەشەی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ و دەبێ زەمینەی بۆ خۆش بکردرێ هەتا بتوانن داخوازی و بۆچوونەکانیان بە گوێی کۆمەڵگا بگەیەنن. بەڵام سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕوانگەی ئەمنییەتەوە بۆ مافی مەدەنی و ڕێکخراوەیی چینەکانی کۆمەڵگای ئێران و یەك لەوان مامۆستایان و قوتابیان دەڕوانێ و بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی بانێك و چەند هەوایان دوو ڕوویانەی گرتۆتە بەر. بەرپرسانی ڕەدە باڵای بواری پەروەردە لە ئێران، دەیانەوێ بە ئاماژەی ڕواڵەتی بە مافی پێکهاتەی پیشەیی، هەوڵی چاوبەستنی ناوەند و چاودێرە جیهانییەکان بدەن و ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکان داپۆشن. ئەگەرچی مەسەلەی مافی مەدەنی و پێکهاتەی پیشەیی لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا بە کورتی ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام لە ڕوانگەی دەزگای پەروەردەی سیستمی ئیسلامی ئێرانەوە ڕێکخراوە و پێکهاتەی پیشەیی بە مەرجێك ئازادن و مافی چالاکیان هەیە کە پاشکۆی کردەوەکانی دەسەڵات بن و بە ئاشکرا و بە چاوبەستراوی سیاسەتی ناشیانەی مودیرانی پەروەردە ستایش بکەن. ئەزموون و ڕابردووی چەند ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دروستی دەیسەلمێنن کە مافەکانی مرۆڤ لە بواری فێرکاری و پەروەردە چەندە بە ئاسانی پێشێل دەکرێن. بەڵام بەو حاڵەش چەرخی خەباتی ڕەوای مامۆستایان لە ئێران و کوردستان لەمەڕ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان لەگەڕ نەکەوتووە. هەر لەم ڕێبازەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی دەروەست و نیشتمانپەروەر، ڕووبەڕووی سزای قورسی سێدارە، زیندان، ئەشکەنجە، وەدەرنان، دوور خرانەوە و هتد بوونەتەوە. یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی مامۆستایان لە هەموو مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، داوا لە مامۆستایانی کوردستان دەکات کە هەر وەك جاران بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی بۆ دابینکردنی ویست و داخوازییەکانیان دەنگ هەڵبڕن و لە ئاست کێشەی مامۆستایان و قوتابیان بێدەنگ نەبن.

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی
کوردستانی ئێران
١٣ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی

## زیندانییەکی سیاسیی کورد بە هۆی نەخۆشی لە زیندانی مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، "سەید حەمزە چیر" کوڕی "قاسم" خەڵکی گوندی"سەرچنار"ی مەهاباد، پاش دەستبەسەری و محکووم کردنی بە ٦ مانگ زیندان لە لایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە، بەهۆی نەخۆشی لە زیندانی مەهاباد کوچی دوایی کرد. ئەو زیندانییە سیاسییە لە شەڕی سێ مانگە، لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. حەمزە چیر پێشتریش لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە سێ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەو خەباتگێڕە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە نۆروێژ، سمینارێک سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، حیزبی کاری نۆروێژ و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سمینارێکی هاوبەشیان لە سەر پرسی نەتەوەکانی ئێران لە شاری ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆروێژ پێکهێنا. لە سەرەتای ئەم سمینارەدا، ماریت نیباك، جێگری سەرۆکی پارلمانی نۆروێژ و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی کاری نۆروێژ وێڕای بەخێرهاتنی میوانان و بەشداربوان، باسی لە سەر سیاسەتەکانی حیزبی کاری نۆروێژی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی نەتەوەکانی ئێران کرد. پاشان، لوقمان ئەحمەدی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات باسێکی لەسەر ڕەوشی ئێستای نەتەوە بندەستەکانی ئێران پێشکەش کرد و هەروەها خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی سەبارەت بە ڕۆڵی نەرێنیی ڕێژیمی ئێران لە ناوچە و جیهان خستەڕوو و لە درێژەی باسەکانیدا باسی کار و چالاکی و ئامانجەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵی کرد. پاشان، ناسر بولەدەعی لەلایەن حیزبی خەڵکی بەلووچستانەوە باسی لەسەر ڕەوشی بەلووچستان و ڕوانگەی حیزبەکەی لە سەر داهاتووی ئێران پێشکەش کرد. لە کۆتایی سمینارەکەدا، خانمی ماری ڤێست، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کاری نۆروێژ باسی لەسەر کاری پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کار کرد و لەم پێوەندییەدا هاوکاری حیزبی کاری نۆروێژ و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەرز نرخاند.

## دیداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لە وەزارەتی دەرەوەی هولەند

ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی ، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی "لوقمان ئەحمەدی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ دوو بەرپرسی کاروباری پێوەندیداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی هولەند لە شاری لاها کۆبووەوە. لوقمان ئەحمەدی لەم دیدارەدا، ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی لەسەر ئاخرین ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی ڕێژیمی ئێران لەم ئاڵوگۆڕانە پێشکەش کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا لوقمان ئەحمەدی، بەرپرسی شاندی حیزب لەم چاوپێکەوتنەدا جەختی کردەوە کە تەنیا ڕێگایەك بۆ بنبڕکردنی ڕۆڵی تێکدەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە، گۆڕینی ڕێژیمە بۆ سیستیمێکی دێموکراتیك و فیدراڵ کە تیایدا دەسەڵات بەسەر هەموو نەتەوەکانی ئێران دابەش بکردرێت.

## لە مەهاباد بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم چوار هاووڵاتیی بریندار بوون

ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماشینی هاووڵاتییەکی کورد، لە نزیکی گوندی "ئوسوو کەند"ی سەر بە شاری مەهاباد، ٤ کەس لە سەرنشینەکانی ماشینی جیپ، بە توندی بریندار بوون.

## بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆنفڕانسی "مافی بڕیاردان لە سەدەی بیست و یەک" لە پارلمانی ئورووپا

ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، جەمیل فەتحی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بلژیك، لە کۆنفرانسێك لە پارلمانی ئورووپا، لە ژێر ناوی "مافی بڕیاردان لە سەدەی بیست و یەك" بەشداری کرد. کۆنفرانسی "مافی بڕیاردان لە سەدەی بیست و یەك"، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (UNPO) و فراکسیۆنی "یەکیەتیی ئازادیی ئورووپا"ی سەر بە پارلمانی ئورووپا و "سەنتەری ماوریس کۆپیتەرس" ڕێکخرابوو و لە پارلمانی ئورووپا لە شاری برووکسێل بەڕێوەچوو. چەندین ئەندام پارلمانی ئورووپا، مامۆستای زانکۆ و چالاکوانی سیاسیی و مەدەنی لەو کۆنفڕانسەدا بەشدار بوون. پاش کۆنفڕانسەکە، جەمیل فەتحی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ "مارك د مێسەماکر" ئەندام پارلمانی ئورووپا و ئەندامی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و هەروەها ئەندام لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا چاوپێکەوتنی کرد.

## بارودۆخی تەندروستیی دوو زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی ئێران مەترسیدارە

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، عەلیرەزا ڕەسووڵی، کوڕی حەسەن، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، کە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە دەستبەسەریدایە و تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هاتووە، بۆ چارەسەری و دەرمانی نەخۆشییەکەی لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە ڕێگریی لێ دەکرێت و بەو هۆیەوە مانی لە خواردن گرتووە. لەلایەکی دیکەوە محەممەد مورادی، یەکێك لە بە پێشینەترین زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە زیندانی یەزد، کە تووشی "دیسك کمر" بووە، لە کاتێکدا پزیشکی نێو زیندان ڕایگەیاندووە، کە ناوبراو لە دەرەوەی زیندان چارەسەری بۆ دەکرێت، بەرپرسانی ئەو زیندانە ئیزنی چوونە دەرەوەی لە زیندان پێنادەن. محەممەد مورادی کە ماوەی ١٨ ساڵە لە زیندانی ناوەندیی یەزد لە دەستبەسەریدایە، بە گوتەی نزیکانی ئەو زیندانییە کوردە، ناوبراو بە دەست ئازاری پشتییەوە دەناڵێنێ و هەتا ئێستا بەرپرسانی ئەو زیندانە خۆیان لە ناردنی ئەو چالاکە سیاسییە کوردە بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان، بواردووە.

## لە پاوە، چەکدارانی سپای پاسداران کۆڵبەرێکی تەمەن ١٩ ساڵەیان کوشت

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی سپای پاسداران لە پاسگای گوندی "ژاڵە"ی شارۆچکەی باینگان لە شاری پاوە، دەستڕێژیان لە دەستەیەك کۆڵبەری کورد کرد و لە ئەنجامدا پێدرام محەممەدی کوڕی نەوشیروان، تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی گوندی "سریاس"، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمدا دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە. هێزە چەکدارەکانی سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران هاوکات لەگەڵ کوشتنی ئەو لاوە کوردەدا، چوار کۆڵبەری کوردیشیان دەستبەسەر کردووە و بۆ زیندانی شاری پاوەیان ڕاگواستوون.

---

## دیداری نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا لە دەفتەری سێناتۆر جان مەککەین

ڕێکەوتی ١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئارەش ساڵح، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا، بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و کوردستان لە دەفتەری سێناتۆر جان مەککەین چاوپێکەوتنی کرد. ئارەش ساڵح لەم کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ ئێلیزابێت ئۆبەگی، بەرپرسی دەفتەری سێناتۆر مەککەین دیداری کرد و دوایین پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستە بەرباس. لەم دیدارەدا بڕیار درا کە لایەنە پێوەندیدارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرتر سێناتۆر مەککەین لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەڵویستی گونجاو لەو پێوەندیەدا بگیردرێت.

## لە بۆکان، دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە "مەنیج محەممەد مورادی"، دایکی شەهید ئەبووبەکر خزری خەڵکی گوندی "کانی ڕەش" سەر بە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. شەهید ئەبووبەکر خزری ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ئاوایی کانی ڕەش سەر بە شاری "بۆکان" لە دایك بووە. شەهید ئەبووبەکەر کانی رەشی، یەکێك لە کادرە دڵسۆزەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ١٣٧٠ی هەتاوی، لەگەڵ کادرێکی دیکەی حیزب بە ناوی جەلیل ڕەحیمیان لە گوندی "حوسێن مامە" شەهید کران.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە مەنیج دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە پیرانشار دایکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی "فاتمە دادوەری" ناسراو بە "فاتمە شیرێژ" کچی "عەبدوڵڵا" دایکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و خەڵکی گوندی گردئاشەوانی ناوچەی "پیرانی" پیرانشار لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایە فاتمە دادوەری دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بە ناوەکانی "خالید شیرێژ" و "ئیبراهیم شۆڕش"بوو. تەرمی دایە فاتمە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شاری پیرانشار لە گۆڕستانی "کۆنەخانێ" ئەسپەردەی خاك کرا. شەهید خالید شیرێژ و ئیبراهیم شۆڕش لە یەك مانگدا زەماوەندیان کرد و بەداخەوە لە شەڕی گرتنەوەی جادەی پیرانشار ـ سەردەشت و لە مانگی دیفاع لە ئازادی لە یەك ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٦١ی هەتاوی لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەی گۆڕەمەڕ شەهید بوون.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە فاتمە دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە سەقز، باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٦ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، میرزا عەبدولقادر ئەحمەدنژاد باوکی شەهید "ناجیل ئەحمەدنژاد" ناسراو بە "ئەبووبەکر" لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد. میرزا عەبدولقادر لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوییەوە بۆ ماوەی ٢ ساڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووە و دواتر لەسەر ئیجازەی حیزب دەگەڕێتەوە ناو بنەماڵەکەی. ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر و حیزب خۆشەویست بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بەو ڕێبازە وەفادار مایەوە. میرزا عەبدولقادر بە هۆی نیشتمانپەروەری لە زەمانی پاشایەتی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چەندین جار تووشی گیران و زیندان بووە و ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەهۆی لایەنگری لە حیزبی دێموکرات لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا. شەهید ناجیل ئەحمەد نژاد ناسراو بە "ئەبووبەکر" لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایك بووە. ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شاری سەقز لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە سێدارە درا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری میرزا عەبدولقادر دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری پیرانشار، باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، ئیسماعیل ئاغای ئیبراهیمی ، باوکی شەهید عەبدوڵڵا ئیبراهیمی برا گەورەی فەرماندەی شەهید "هەمزە بێهنام" لە نەخۆشخانەی تاڵەقانی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی نیشتمانپەروەری پیرانشار لە گوندی "هەنگەوێ" بە خاك سپێردرا. شەهید عەبدوڵڵا ئیبراهیمی لە گوندی هەنگەوێ سەربە شاری پیرانشار لە دایك بووە. شەهید عەبدوڵڵا کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە "پەسوێ" شەهید بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئیسماعیل ئاغا دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە ورمێ باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٥ی ڕزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، حاجی جبرەئیل میرزایی باوکی شەهید جەمیل میرزایی خەڵکی ئاوایی "کانی سپی" لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو بوو و لەنێو ئاپۆرای کۆمەڵانی خەڵك لە ناوچەکەدا ئەسپەردەی خاك کرا. شەهید جەمیل میرزایی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە گوندی کانی سپی سەر بە شاری ورمێ لە دایك بوو. شەهید جەمیل پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە شەڕێکی قارەمانانە لە ناوچەی "پێسان" شەهید کرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری حاجی جبرەئیل میرزایی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە ناوچەی مەرگەوەڕ، باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

محەممەد عەلی زاهیدی، باوکی شەهید عەبدولسەلام زاهیدی خەڵکی هۆلستانە، سەربە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. محەممەد عەلی زاهیدی لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا لە گوندی هۆلستانە، زێدی خۆی ئەسپەردەی خاك کرا. شەهید عەبدولسەلام زاهیدی ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ورمێ شەهید کرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری محەممەد عەلی زاهیدی دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# گەشبینیی پێنتاگۆن، متمانەی باشوور

ن. مستەفا هیجری

ـ پێنتاگۆن لە ڕاپۆرتێکدا کە لەم دواییانەدا ڕادەستی کۆنگرەی ئامریکای کردووە باسی ئەوەی کردووە گوایە هەڵسوکەوتی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چاو ساڵانی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ئێران لە ڕەچاوکردنی سیاسەتی هێرشکارانەوە ڕووی کردووەتە سیاسەتی بەرگریکارانە. دیارە ئێمە ئاگاداری ئەوەنین ئاخۆ ئەو نۆرم و ستانداردانەی نووسەرانی ڕاپۆرتەکە بۆ چۆنیەتی دیاری کردنی سیاسەتی هێرشکارانە و سیاسەتی بەرگریکارانە و لێک هەڵاواردنی ئەم سیاسەتانە لەبەر چاویان گرتووەکامانەن. ئەوەش دەزانین کە ئەم ڕاپۆرتانە دەتوانن ببن بەبنەمای بڕیاردانی سیاسی و دیاری کردنی چۆنیەتی پێوەندییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. کەواتە با سووکە سەرنجێک بدەینە سیاسەتەکانی ئێران بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سیاسی ـ نیزامی و چۆنیەتی دابەشینەوەی هێزەکانی لەناوچەدا.

**١-١.** ئێران تاقە حکوومەتێکە لە ناوچەدا ـ و تەنانەت بە ئیحتمالێکی زۆر بەهێز لەگشت جیهاندا ـ کە لە ناو قەوارەیەکی واحیدی سیاسیدا دوو هێزی نیزامیی ڕەسمی هەیە. یەکیان ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەوی تریان سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران.

ئەوەش دەزانین ئەرکی سەرشانی ئەو ئۆرگانە نیزامییانەی ڕێژیم بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەیان بۆ کراوە:

ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران: پارێزگاری کردن لە سنوورەکانی ئێران لەبەرانبەر هێرشی دەرەکیدا

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران:
یەکەم. سەرکوتی بزووتنەوە ئیعترازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لەناوخۆی ئێراندا

دووەم. مسۆگەر کردنی حوزووری سیاسی و نیزامیی ئێران لە وڵاتانی ناوچە و وڵاتانی دەر و جیراندا، یا بەشێوەی عەمەلیاتی ڕاستەوخۆی نیزامی ـ وەک نموونەی سووریە و عێراق ـ یا بەشێوەی یارمەتی پێدان و هەڵسووڕاندنی ڕێکخراوەکانی بەستراوە بەکۆماری ئیسلامیی ئێران ـ وەک نموونەی حیزبوڵڵا لە لوبنان و حەماس لە غەززە. یا بەشێوەی دەستتێوەردان و کۆنترۆڵ کردنی ناڕاستەوخۆی سیاسی لەڕێگای گەیاندنی یارمەتی ماڵی و ئیتتلاعاتی و هەروەها هاندان و هەڵخڕاندنی هەستی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەدژی حکوومەتێکی تایبەت ـ وەک نموونەی بەحرەین و یەمەن.

سێیەم. بەڕێوەبردنی ئەرکێکی هاوشێوە و هاوتەریبی ئەرکی ئەرتەش، هەر کاتێکی ئەرتەش بەقەدەر پێویست لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیم هاوئاهەنگ نەبوو و بەقەدەر پێویست گوێڕایەڵی ئەم سیاسەتانە نەبوو.

ئەگەر تەنانەت چاومان لەحاست ئەرکی یەکەمی سوپا کە بریتییە لەسەرکوت کردنی حەرەکەتە ئیعترازییەکانی خەڵکی مەدەنی و بێدیفاع بچووقێنین، کە بەهەموو خوێندنەوەیەک سیاسەتێکی پەلاماردەرانەیە نەک سیاسەتێکی بەرگریکارانە. وەک ئەو نموونە بەرچاوەی لەساڵی ٨٨دا بە شێوەیەکی تەواو ڕێکخراو و بەربڵاو شاهێدی بووین، ئەرکی دووەمی سوپا کە بەشی هەرەزۆری کات و وزە و تێچووی سوپای پاسدارانی بۆ تەرخان دەکرێ ناخرێتەخانەی سیاسەتی بەرگریکارانە و بەهەموو پێوانە و کێشانەیەک کۆی کار و هەڵسووڕانی سوپا لەم بەشەدا لەپێناوی سیاسەتی هێرشکارانە دایە.

**١-٢.** کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دابین کردنی ئەو شتەی بۆخۆی ناوی تەناهیی نەتەوەیی "امنیت ملی" لەسەر دادەنێ ـ و لەڕاستیدا بریتییە لە تەناهیی سیستمی ویلایەتی فەقیە ـ دوو بنەما ڕەچاو دەکا و ئەو بنەمایانە بەشێوەیەکی جیدی پراکتیزە دەکا. بەڵام خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئەو بنەمایانە هەردووکیان لە پێناو و لە ئاراستەی سیاسەتی هێرشکارانەن نەک سیاسەتی بەرگریکارانە. دەتوانین ئەم بنەمایانە بەم شێوەی خوارەوە گەڵاڵە بکەین:

**ئەلف.** کۆماری ئیسلامی دوای کۆتایی پێهاتنی شەڕی ئێران و عێراق هەتا ئێستا، لە سنوورێکی یەکجار بەربڵاوتر لە سنووری وڵاتی ئێران بۆ مسۆگەر کردنی تەناهیی سیستمی خۆی هەوڵ دەدا. بە دەربڕینێکی دیکە بەرە یا جەبهەی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ هێزە ڕکەبەرەکانی، لە سنوورەکانی ئێراندا نین بگرە یەکجار واوەتر لە سنوورەکانی ئێرانن. ئێران شەڕی مانەوەی خۆی لە سووریە و عێراق و لوبنان و غەززە دەکا، نەک لە سنوورەکانی خۆی. هەتا ئاستێک دەتوانین بڵێین هەموو حکوومەتێک لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەوڵ دەدا و ئەوەش شتێکی نائاسایی نییە و هەر تایبەت بە ئێرانیش نییە. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی پاراستنی بەرژەوەندییەوە تێیپەڕاندووە و گەیشتووەتە ئاستی دەست درێژییەکی ئاشکرا. کاتێک ئێران لەشەڕی حکوومەتێکی وەک بەشار ئەسەد لەگەڵ هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ سوپای خۆی دەنێرێ و چۆن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بەشەڕ دێ ئاواش بەرەنگاری ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەبێتەوە، کاتێک ڕێکخراوێکی سیاسی ـ نیزامی سەر بە ئێران وەک حیزبوڵڵا دەوڵەتێکی شاردراوە و نایاسایی لەناو دەوڵەتی یاسایی لوبناندا ساز دەکا، کاتێک تاران وا دەکا لەبەغدا تەنانەت ئەندامانی کابینەش بەبێ پرس و ڕای ئەو هەڵنەبژێردرێن، کاتێک ئێران جگەلەوەی حوزووری بەناو دیپلۆماتیکی لە ناوچەدا هەیە، لە خۆی ڕادەبینێ هەر چەشنە عەمەلیاتێکی تیرۆریستیش لە هەر ئاست و قەبارەیەکی بۆخۆی پێی باشە بەڕێوە ببا، ئیتر نەختێک ساویلکانەیە سیاسەتەکانی ڕێژیم بەسیاسەتی بەرگریکارانە. و نەک سیاسەتی هێرشکارانە. پێناسەبکەین.

**ب.** ڕێژیم لە گشتایەتی خۆیدا لەمێژە لەسەر ئەوە ساغ بووەتەوە کە باشترین بەرگری کردن، هێرش کردنە. لێمان تێک نەچی هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ڕۆژئاوادا "بەرگری" لەخۆی نەکردووە، بەڵکوو هەر لەجێدا ئەوە ڕۆژئاوایە کە لە بەرانبەر "هێرشەکانی" هەمە جۆری ئێراندا هەوڵی داوە گوشار بخاتە سەر ئێران و نەختێک لە ناوچەدا پاشەکشەی پێبکا و ئەوەی ئێران ناوی "بەرگری کردن"ی لەسەر دادەنێ لە ڕاستیدا بریتییە لە ملنەدان لە بەرانبەر ئەو پاشەکشە پێکردنەدا و داکۆکی کردن لەسەر پەلامار دان و هاتنەپێش و خۆ سەپاندن.

ئەوا پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و بەگشتی حکوومەتی ئامریکا هەتا ئەوڕۆ سیاسەتی خۆیان لەسەر سنووربەزێن بوون و هێرشکار بوونی کۆماری ئیسلامی دامەزراندووە ئاکامەکە وای لێ هاتووە کە دەیبینین، گەلۆ ئەگەر بەڕاستی ئامریکا و ڕۆژئاوا ڕۆژێک لە ڕۆژان سیاسەتی خۆیان لەسەر بێئازار بوون و بەستەزمان بوون و بەرگریکار بوونی ئێران دابمەزرێنن، دۆخی ناوچەو جیهان چی لێ بەسەر دێ؟

٢ـ بابەتێکی تر کە هەر پێوەندی بەسیاسەتی دەرەوەی ئێرانەوە هەیە، بە بڕوای ئێمە بابەتێکە کە تێگەیشتن و شی کردنەوەی بۆ ئەو هێز و لایەنانەی پێوەندییان لەگەڵ ئێراندا هەیە یەکجار زۆر گرینگ و چارەنووس‌سازە. زۆریەک لە لایەنە سیاسییەکانی ناوچە، لە هەندێک بواردا لەگەڵ "سیاسەتی هاوکاری و هاوکاریی سیاسی"ی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوونەتەوە و بە ڕواڵەت هەوڵ و ماندووبوونی دەزگای دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامییان بۆ چاکتر کردنی دۆخی ناوچە چاو پێ کەوتووە.

بۆ نموونەکۆماری ئیسلامی لە کێشە ناوخۆییەکانی هێندێک لە هێزەکانی باشووری کوردستان دەوری داوەر دەگێڕێ. لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا ناوبژیوانی دەکا و هەوڵ دەدا گرژیی نێوان ئەو دوو لایەنە چارەسەر بکا. لەکێشەی داعشدا وەک بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێ "یەکەم لایەن بووە وا یارمەتیی ماڵی و سەربازی ناردووە بۆ حکوومەتی هەرێم و ...

با بە بەڵگەوە ڕاستییەک بخەینەڕوو و بەوردی لێکی بدەینەوە. ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا ڕەچاوی دەکا لە فۆرموولە کردنێکی ورددا بریتییە لە "هەنگاوێک بۆ چاک کردن، چەند هەنگاو بۆ تێکدان". لە بیرمان نەچێ گورگ دەست و مشتاخی گورگانە لەگەڵ بەرخەکانی دایک ناکا بەڵکوو دەست و مشتاخی دایکانەیان لەگەڵدا دەکا. زۆر ساویلکانەیە پێمان وابێ کۆماری ئیسلامی لە هەر بەڵێن و بڕیارێکیدا دەیهەوێ خاڵی کۆتایی سیاسەتەکانی خۆی ئاشکرا بکا. کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵسووڕانی چالاکانەی خۆی پێویستی بەسیمایەکی خێرخواز و یارمەتیدەر و ناوبژیوان هەیە و بێ گومان لە پێناو دروستکردن و نیشاندانی ئەو سیمایەکار دەکا و باجی بۆ دەدا و خۆشی ماندوو دەکا. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ کاتێک کەسێک بۆ مسۆگەر کردنی ئامانجەکانی چەند هەنگاو دەچێتەپێش و لەکاتی پێویست هەنگاوێکیش بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، ئاڕاستەی گشتی جووڵەی ئەو کەسە بۆ پێشەوەیە نەک بۆ دواوە. شتێکی سەیر نییە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە درێژایی ئەم سی و پێنج ساڵەدا، ڕواڵەتەکانی عورفی دیپلۆماتیک و هەڵسوکەوتی ماقووڵی سیاسی فێر بووبێ. کەڵک وەرگرتن لەم چەشنە هەڵسوکەوتە بۆ کۆماری ئیسلامی ـ هەر کاتێک پێویستی پێی هەبێ ـکارێکی یەکجار زۆر هاسانە. بەڵام سیاسەتوان دەبێ چاوی لە دیوی ناوەوەی هەوڵەکان و ئاڕاستەی گشتیی هەڵسووڕانەکان بێ. با سیاسەتوانانی کوردی باشوور ئەوەبزانن یەکەم کەسایەتی عێراقی کەهەستی بەسیاسەتی "هەنگاوێک بۆ چاک کردن، چەند هەنگاو بۆ تێکدان"ی کۆماری ئیسلامی لە عێراق کرد، موقتەدا سەدری شیعەی هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی بوو.

سەدر کە لە سەرەتادا بڕوای پتەوی بەوەهەبوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت ئەگەر خێرخوازی هیچ لایەنێکی عەراقیش نەبێ، دڵسۆز و مشوور خۆری لایەنی شیعەی عێراقە، دوای ئەوەی دەستی ئێرانی لەناو ئەو تێرۆر و تەقینەوانەی ڕاستەوخۆ شیعەکانی دەکردە ئامانجی خۆی ناسییەوە، توانی بەڕوونی دەستی گورگ و دەستی دایک لێک جیا بکاتەوە و ئەوە بزانێ ئێران لەپاڵ قاتێک هەوڵدان و ماندوو بوون بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی شیعە، چەند قات بۆ تێکدانی سەقامگیریی سیستمی تازە دامەزراو لە عێراق هەوڵ دەدا و لەم هەوڵدانە چەند قاتەشدا شیعە و سوننی و کورد بۆ ئەو جیاوازی نییە.

ڕاستە نەزمی تازەدامەزراو لە وڵاتێکی وەک عێراق هەتا ڕادەیەک بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە. قازانجەکەش باڵادەست بوونی شیعە لە وڵاتێکە کە پێشتر توانای هیچ چەشنەجووڵەیەکی بۆ سیاسەت کردن و خۆ نواندن نەبوو. کەواتە سەیر نییە ئێران هەتا ئەو ئاستە هەلەکە بقۆزێتەوە. بەڵام لەبیرمان نەچێ دابین بوونی سەقامگیرییەکی تەواو عەیار لە عێراقدا بەچەند هۆ، بۆ ئێران دۆخێکی نالەبار و تەنانەت کوشندەیە:

یەکەم. بناغەی ئەو نەزمە سیاسییەی ئێستای عێراق، لەلایەن ئامریکاوە و بە پەلاماری نیزامی بۆ سەر ڕێژیمی بەعس و ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە دامەزراوە. سەقامگیری ئەو نەزمە بەمانای سەرکەوتنی پرۆژەی نیزامی ئامریکا بۆ هێرش کردنەسەر وڵاتێکی ناوچە و ڕووخاندنی ڕێژیمەکەیەتی. ئێران بەپێچەوانە، ئەوەندەی بۆی بکرێ دەیهەوێ هەم سیاسەتوانانی جیهان و هەم بیر و ڕای گشتی خەڵکی جیهان لەم بیرۆکەیە دوور کاتەوە کە هێرشێکی لەم چەشنە دەتوانێ مۆدێلێکی هاسان و بێژانەسەر بۆ گۆڕینی حکوومەتێکی نادڵخواز بێ. کەواتە هەتا ئەو جێگایەی سەروەری هێزی شیعەی لایەنگری ئێران لەعێراق مسۆگەر بێ، کۆماری ئیسلامی "سیاسەتی هاوکاری و هاوکاریی سیاسی" لەگەڵ هێزەعێراقییەکان ڕەچاو دەکا، بەڵام بەشێوەیەکی چەند قات هەوڵ دەدا نەهێڵێ ئاریشە و گرفتی بنەرەتیی سیاسی لە عێراق کۆتایی پێ بێ و سیستمی فیدرالی عێراق ببێتە سیستمێکی سەقامگیر و وەک مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە ناوچەدا چاوی لێ بکرێ. جا لەم ناسەقامگیر کردنەدا پێویستە هەموو لایەنەکانی شیعە و سوننی و کورد تێوە بگلێن و قوربانی بدەن. ئاگرەکە کاتێک خۆشتر دەبێ کە هەموو لایەک ناعیلاج بن ئاگرەکە خۆش کەن و دەستەچیلەی خۆیانی بخەنەسەر.

دووەم. ئێستا کە وڵاتانی وەک سووریە و عیراق لە ئاگری شەڕێکی ناوچەییدا دەسووتێن، سەرنجی وڵاتە زلهێزەکان هەر لەم وڵاتانەدا گیری خواردووە و هێزەگەورەکان هەرگیز ناپەرژێنەسەر وەشاندنی گورزی نیزامی لە ئێران. کۆماری ئیسلامی چاک بەو ڕاستییەی زانیوە هەتا بەشێکی زۆر گرینگ لەکات و سەرمایە و هەڵسووڕانی وڵاتە گەورەکان سەرفی کێشەکانی وڵاتی وەک عێراق و سووریە و فەلەستین بێ، "لەسەر مێز بوونی بژاردەی نیزامی بۆ هەڵکوتانە سەر ئێران" جگە لە بلۆفێکی سیاسیی بێ ناوەڕۆک چیتر نییە. بە پێچەوانە هەرچی سەقامگیری سیاسی و ئاشتەوایی لایەنەکان لەم وڵاتانەی ناوچەدا قووڵتر و بەربڵاوتر بێ، ئەگەری وەڕاست گەڕانی هاتنەگۆڕی بژاردەی نیزامی زیاتر دەبێ. ئێران ئەم هەلە بۆ وڵاتە زلهێزەکان نارەخسێنێ و "نیعمەت"ی بێبڕانەوەی شەڕ و نائەمنی ناوچەیی لە کیس خۆی نادا. ئێستا دەزانین کاتێک "تائب" دەڵێ سووریە بۆ ئێمە لە خووزستان گرینگترە مەبەستی چییە. ئێران تا ئەو کاتەی لە سنوورەکانی خووزستاندا بەشەڕ دەهات لە مانەوەی خۆی و حکوومەتەکەی دەترسا. ئێستا کە لە سنوورەکانی سووریە بەشەڕ دێ و دۆخی عێراق بە ئالۆزی دەبینێ، ئەوا جارێ سەرینی خاترجەمی وەبن سەری ناوە.

کاتێک کۆماری ئیسلامی ئاوا مامەڵە لەگەڵ شیعەی عێراق دەکا، کوردی باشوور با جوانتر حیسابی خۆی بخوێنێتەوە.

ئێمە تا ئەو ڕادەیە واقیع بینین کە بڵێین کوردی باشوور مافی خۆیەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا و تەنانەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیشدا پێوەندیی دیپلۆماتیکی هەبێ و کەڵکی خۆی لەم پێوەندییانە وەربگرێ. بەڵام دوو خاڵمان نابێ لەبیر بچێ:

یەکەم. حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی سێ بەولاوە، ئەو سیاسەتە دروستەی ڕەچاو کردووە کە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتێکی دژ بەکوردی پارچەیەک نابێ لەسەر حیسابی کوردی ئەو پارچەیەبێ. ئەم سیاسەتە شیاوی ئەوەیە ببێتە مۆدێلێک بۆ هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکاندا، بۆ چۆنیەتی پێوەندی ساز کردن لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکان. ئەگەر ڕۆژێک حیزبە کوردستانییەکان لەسەر ستراتێژییەکی هاوبەشی نەتەوەیی پێک هاتن بێ گومان ئەم خاڵە یەکێک لە خاڵەبنەماییەکانی ئەم ستراتێژییەدەبێ و حیزبی دێموکرات شانازی بەوە دەکا لە تیۆریدا داهێنەری ئەم پرەنسیپە بووە و بەکردەوەش پەیڕەوی لێ کردووە.

دووەم. با لایەنە سیاسییەکانی باشوور لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەر نەبێ هێندەی موقتەدا سەدر ئاگایان لە دەستی ئاسنینی کۆماری ئیسلامی ناو دەستەوانەی مەخمەر هەبێ.

ـ خەرمانانی ١٣٩٣



# تاران، بنکەی فەرماندەیی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی

**سەلام ئیسماعیلپوور**

لــەم ڕۆژانەدا پێگەی تاران لە بەرەی نێودەوڵەتیی دژ بە تاقمی خەلافەتی ئیسلامی (داعش)، پرسیارێکە کە زۆر کەسی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لەم پێوەندییەدا ناڕوونییەکان زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە دێوەزمەی تیرۆریزم و ئەوپەڕگیریی ئایینی بە جۆرێك لە سیمای گرووپی خەلافەتی ئیسلامیدا خۆی دەرخستووە کە لە نێوان بەشێکی زۆر لە خەڵك و کەس و لایەنە سیاسییەکاندا ئەو ڕاڕاییەی هێناوەتە ئاراوە کە گەلۆ بە بوونی وەها تیرۆریزمێکی هەوسارپچڕاو و جیاوازیی ڕواڵەتیی نێوان توندوتیژیی دەمامك ڕەشەکانی ئەم گرووپە و خەمزە دیپلۆماتیکەکانی ڕێژیمی تاران و دەستوپێوەندییە ناوچەییەکانی، هێشتا دەکرێ ڕێژیمی تاران بە تەوەری سەرەکیی تیرۆریزم و بناژۆخوازی و جیددیترین لەمپەر لە سەر ڕێگای ئاشتی و سەقامگیری و بەختەوەریی گەلانی ناوچەکە بزانین؟ یان دەبێ بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، لە خەبات دژ بە بناژۆخوازی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیی سوننەدا، پێگەی ڕێژیمی ئێران لە بەشێك لە کێشەوە بۆ بەشێك لە چارەسەر بگۆڕدرێت؟

ئەگەرچی بە ڕواڵەت وادیارە کە کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییە ناوچەییەکانی ڕۆڵێکی گرینگیان لە خەبات دژ بە داعشدا گێڕاوە، بەڵام کەم نین ئەو کەسانەی کە بە گومانەوە چاو لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران لەو پێوەندییەدا دەکەن و تەنانەت ڕێژیمەکانی ئێران و سووریە و دەسەڵاتی شیعەی عێراق و لقوپۆپەکانیان بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی بەرەی نێونەتەوەیی دژەداعش بە بەرەیەك بۆ خزمەت بە مانەوەی بەشار ئەسەد، سات و سەودا ناوکییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا، لاوازکردنی پێگەی هەرێمی باشووری کوردستان، پەلکێش کردنی مەکینەی سەربازیی زەبەلاحی ڕۆژئاوا بۆ نێو زۆنگاوی شەڕ لەگەڵ ڕکابەرە سوننەکانیان لە ناوچەدا و کۆکردنەوەی بەروبوومی سیاسیی ئەو شەڕە لە هەر دوو لاوە تاوانبار دەکەن.

"ڕاغدە درغام" ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەك لوبنانی، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسیاری سەرهەڵدانی ڕێکخراوی داعش تۆمەتبار دەکات و دەڵێ لە کاتێکدا کە حکوومەتەکانی ناوچە، داعش بە مەترسییەکی سەرەکی بۆ خۆیان و ناوچە دەزانن، زۆربەی هاووڵاتیانی ئەم وڵاتانە بە پێچەوانە، پاڵپشتیی ئەم ڕێکخراوە دەکەن و بوونی بە پێویست دەزانن بۆ پێکهێنانی هاوسەنگییەك لە بەرانبەر ئێراندا. ئەمە بەو واتایەیە کە توندوتیژی و دڕندەیی ئیسلامی سیاسیی شیعە بە ڕێبەرایەتیی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژییەکی بەرانبەر لە چەشنی داعش لە نێو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلەکانی تیرۆریزم و بڵاوبوونەوەی ئیدئۆلۆژیی هێژمۆنیخوازانەی ڕێژیمی ئێران.

ئەو هاوسەنگییەی کە ئەم لایەنانە باسی دەکەن، لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین هاوسەنگیی دڕندایەتی، کاولکاری و مرۆڤکوژییە، واتە داعش دیاردەیەکی سەرچاوەگرتوو لە بەستێنی ڕادیکاڵیزمی سوننەیە کە وەکوو پەرچەکردارێك بەرانبەر بە شیعەگەریی ڕێژیمی ئێران سەری هەڵداوە و بە پێچەوانەی ڕەوتی باوی ڕابردوو، واتە ململانێی دیپلۆماسی و سیاسەتی عورفی لەگەڵ دڕندایەتی و تیرۆریزم، ئەم جارە هەر بەپێی ڕیساکانی خودی کۆماری ئیسلامی کایە دەکات و دڕندایەتیی ڕێژیمی تاران و لقوپۆپەکانی بە دڕندایەتی وەڵام دەداتەوە.

کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە پێکهێنان و بەهێزکردنی گرووپە بناژۆخوازەکانی بەستراوە بە خۆی لە سووریە، لوبنان، فەلەستین، ئەفغانستان، پاکستان، عێراق و زۆریەك لە وڵاتانی ناوچە و جیهان، لە چەکی ئایین بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتە هێژمۆنیخوازانەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە.

حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس و جەهادی ئیسلامیی فەلەستین، ئەنسارولئیسلام لە کوردستان، سپای بەدر و سپای مەهدی لە عێراق و حیزبی ئیسلامیی حیکمەتیار لە ئەفغانستان ڕەنگە ناسراوترینی ئەو گرووپانە بن.

هەنووکە باس لەوە دەکرێت کە تەنیا لە سووریە لانیکەم ٢٤ گرووپی تیرۆریستیی سەر بە ڕێژیمی ئێران چالاکانە لە کوشتوبڕی خەڵکی ئەم وڵاتەدا هاوکاریی ڕێژیمی ئەسەد دەکەن.

لە گرینگترینی ئەم گرووپانە دەبێ ئاماژە بە ناوی حیزبوڵڵای لوبنان، هێزی قودسی سپای پاسداران و تیپی ئەبوولفەزل ئەلعەباس بە فەرماندەیی کەسێك بە ناوی ئەبووهاجەر بکەین.

کۆمەڵێك تاقمی بچووکتریش لە شیعەکانی عێراق وەك "عەسائیب ئەهلی حەق، کەتائیبی زولفەقار و مەعسووم"یش لە کوشتاری خەڵکی سووریەدا بەشدارن.

لەم نێوانەدا دەکرێ ئاماژە بە دەیان ناوی دیکەی وەك گرووپی "شەبیحە" بکەین کە وەکوو بەسیجییەکانی سووریەش باسیان لێ دەکرێت، هەروەها چەندین تاقم لە بەکرێگیراوانی شیعەی سووریەش وەکوو میلیشیا لە گرتووخانەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئەسەد خەریکی ئەشکەنجەدان و خولقاندنی تاوان دژ بە مرۆڤایەتین.

ژمارەیەك لە گرووپە یەمەنییەکانیش وەك چەکدارانی عەشیرەی حووسی کە ڕاهێنانی تیرۆریستییان پێ کراوە، هەنووکە لە سووریە خەریکی کوشتوبڕ و تاڵانی خەڵکی ئەم وڵاتەن.

لە بەحرەین کۆماری ئیسلامی بە قاچاخی چەکوچۆڵ و هاندانی بەشێك لە شیعەکانی ئەو وڵاتە بۆ پێکهێنانی ئاژاوە و ناسەقامگیری، نارەزایەتییە مەدەنییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەی بە لاڕێدا بردووە و هەوڵ دەدات لەو دۆخە بۆ بە چۆکداهێنانی حکوومەتەکانی بەحرین و عەرەبستان و جیاکردنەوەی ناوچە شیعەنشین و نەوتییەکانی وەك "قەتیف" و "ئەحسا"ی عەرەبستان کەڵك وەربگرێت و هەر لەو پێوەندییەشدا بەم دواییانە، دۆزگەری گشتیی بەحرەین بە تاوانی گواستنەوەی چەکوچۆڵ بۆ کردەوەی تیرۆریستی، حوکمی زیندانی تاهەتایی بە سەر ٩ ئێرانیدا سەپاند.

لە یەمەنیش ڕێژیمی ئێران لە ساڵی ١٩٩١ەوە بە شوێن جیگە پێیەکدا بۆ خۆی گەڕاوە و بنەماڵەی "ئەلحووسی"ی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە. حووسییەکان شیعەی زەیدی یان پێنج ئیمامین. حوسێن ئەلحووسی، ڕێبەری ئەو هۆزە لە دەیەی ١٩٩٠دا بە پشتیوانی و هاندانی ئێران و لاساییکردنەوەی حیزبوڵڵای لوبنان "حیزبی حەق"ی دامەزراند. ساڵی ١٩٩٧ لە حیزبی حەق جیا بووەوە و کۆمەڵەی لاوانی باوەڕمەندی دامەزراند کە هەنووکە کاکڵی سەرەکیی ڕاپەڕینەکانی یەمەن پێك دەهێنێت. ناوبراو ساڵی ٢٠٠٤ لە شەڕێکدا لەگەڵ سوپای یەمەن کوژرا.

لەو کاتەوە تا ئێستا عەبدولمەلیك ئەلحووسی، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئەلحووسیی وە ئەستۆ گرتووە. ناوبراو بە تەواوی لە ژێر کارتێکەریی بیرۆکەکانی خومەینیدایە و ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات وەکوو حەسەن نەسروڵڵای یەمەن بیناسێنێت. حووسییەکان لە ناوچەی سەعدەی یەمەن چالاکن کە هاوسنووری ناوچە شیعەنشینەکانی عەرەبستانە و هەر بەم هۆیەشەوە چالاکییەکانیان بۆ ڕێژیمی ئێران زۆر گرینگە.

لە ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێژیمدا بۆ ئەحمەدی نژاد هاتووە کە: "حووسییەکان لە باکووری یەمەن بە پاڵپشتیی ئێمە شەڕ دەکەن... بە لە بەرچاوەگرتنی هەلومەرجی ناوچە و پێوەندییەکانی عەرەبستانی سعوودی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، پێویستە زیاتر لە ڕابردوو لە ڕووی ماڵی و چەکوچۆڵەوە پشتیوانییان لێ بکرێت".

دوابەدوای داگیرکرانی بەشی هەرەزۆری شاری سەنعا، پایتەختی یەمەن لە لایەن ئەم گرووپەوە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕێژیمی ئێران بە ڕاشکاوی پشتیوانیی خۆی لە پێشڕەوییەکانی ئەم گرووپە دەربڕیوە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ شەڕ دژ بە عەرەبستانیشی ڕاگەیاندووە. عەلیڕەزا زاکانی، نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا دەڵێ:

"لە یەمەن خەریکە ڕووداوێکی زۆر مەزنتر لە لوبنان ڕوو دەدات، لە ٢٠ پارێزگای یەمەن ١٤ پارێزگا کەوتوونەتە دەستی شۆڕشگێڕان و ٩٠٪ی سەنعاش هەروەها... . پاش سەرکەوتن لە یەمەن بە دڵنیاییەوە نۆرەی عەرەبستانە، چوونکە ئەم دوو وڵاتە نزیك بە دووهەزار کیلوومیتر سنووری هاوبەشیان هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە ئێستا ٢میلیۆن چەکداری تەیارکراو لە یەمەن بوونیان هەیە... . هەنووکە شۆڕشی ئیسلامی سێ پایتەختی وڵاتە عەرەبییەکانی کەوتۆتە ژێر دەست و تا ماوەیەکی دیکە سەنعاش دەگرێت و سیستمی بە یەکپارچەکردنی موسڵمانان جێبەجێ دەکات".

بەڵام هەنووکە وادیارە کە سەردەمی خافڵبوونی عەرەبەکان و سوننەکان لە بەرانبەر ئەم سیاسەتی "یەکپارچەسازییە"دا کۆتایی هاتووە. سەرهەڵدانی گرووپەکانی وەك داعش و پاڵپشتی کرانیان لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی سوننەی جیهانی عەرەبەوە زیاتر لەوەی کە نیشاندەری ئۆگرییان بۆ زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بێت، لە ڕاستیدا کاردانەوەیەك بەرانبەر بە هەڕەشە ئیدئۆلۆژیك و سیاسییەکانی ڕێژیمی شیعەی ئێران دژ بە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتییی ئەم وڵاتانەیە. بەم دواییانە ڕێژیمی سوودان، هاوپەیمانی دێرینی ڕێژیمی ئێران ناوەندە بەناو فەرهەنگییەکانی ئێرانی لەو وڵاتە داخست و سیخوڕەکانی ڕێژیمی بە تۆمەتی ئاشکرای هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی ئایینی و پەرەپێدانی شیعەگەری لەو وڵاتە وەدەر نا.

لە وەها هەلومەرجێکدا پەرەسەندن و درێژەکێشانی شەڕ دژ بە داعش لە سووریە و عێراق و ئاشکراتربوونی ململانێی نێوان ئێران و عەرەبستان لە ڕووداوەکانی یەمەندا، لەوانەیە هێندێك پرسی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزم لە ناوچەکە و پێوەندیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بهێنێتە گۆڕێ کە هێماکەی لە وتەکانی دەیوید کامێرۆن، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڵوێستی هاوپەیمانیی دژەداعش لەمەڕ بەشدار نەکردنی ئێران لەم هاوپەیمانییەدا دەر دەکەوێت. واپێدەچێ جیهان بەرەبەرە تێ گەیشتبێت کە ڕێژیمێك کە هێشتا بەهێزکردن و دابینکردنی دارایی و چەکوچۆڵی ڕێکخراوە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان بە "ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆ پشتیوانی لە چەوساوەکان" دەزانێت، هاوپەیمانێکی باش بۆ بەشداریکردن لە شەڕی دژەتیرۆردا نابێت.

## ڕۆژەڤ

## داعەش دەتوانێ چی فێری ڕۆژئاوا بکات؟

**و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد**

ماڵپەڕی "نیۆیۆرك تایمز" وتارێکی لە ژێر ناوی "داعەش دەتوانێ چی فێری ڕۆژئاوا بکات؟" بە قەڵەمی نیکۆلاس کریستۆف بڵاو کردووەتەوە. نووسەر لە وتارەکەیدا تەرکیز دەخاتە سەر پێویستی گرینگیدانی ڕۆژئاوا بە پەروەردەی ژنانی وڵاتانی ئیسلامی.

لە سەرەتادا دەنووسێ: "لە کاتێکدا شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی و توندڕەوەکانی تر دەکەین، شتێك هەیە کە سەرکۆمار ئۆباما و هەموومان دەتوانین لێی فێر بین. چونکە لە بارێکەوە، تیرۆریستەکان زیرەکانەتر لە ئێمە شەڕ دەکەن.

ئەم توندڕەوانە لە کورتخانەدا لە چەك بۆ شەڕ کەڵك وەردەگرن، بەڵام بۆ ئەوەی لە درێژخایەندا سەرکەتوو بن، دژی پەروەردەی ڕۆژئاوایی و هێزبەخشین بە ژنانیش شەڕ دەکەن. دەزانن کە نەخوێندەواری، پشتگوێخستن و سەرکوتی ژنان بەستێنێکی لەبار بۆ گەشەی توندڕەوی دەڕەخسێنن.

لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی سەمیرا ساڵح ئەلنووری، ژنێکی عێراقی ئازا و پارێزەرێکی مافەکانی مرۆڤ لە موسڵ ڕفاند و ئەشکەنجەی دا و حەوتووی ڕابردوو لەبەر چاوی خەڵك ئێعدامی کرد. لەبەر ئەوەیە کە تالیبان تەقەی لە مالالا یووسفزایی، کچێکی ١٥ ساڵانە کرد، چوونکە بە خەبات لە پێناو کچانی پەروەردەکراودا پەیوەست بوو. هەر لەبەر ئەوەشە کە بوکوحەرەم سەدان کچی قوتابی لە باکووری نیجریە ڕفاند و ڕایگەیاند کە ئەوان دەکرانە کۆیلە.

لە هەر کام لەو نموونانەدا، توندڕەوەکان بە ڕاستییەکی بنەڕەتییان زانیوە: گەورەترین هەڕەشەی ستراتیژی لەسەریان بە هۆی فڕۆکەیەکی بێسەرنشینەوە نییە، بەڵکوو بە هۆی کچێکی کتێب بەدەستەوەیە. ئێمەش پێویستە ئەوە بزانن و لەسەری کار بکەین."

لە بەشێکی دیکەدا دەنووسێ: "داخوا ئێمە نابێ لە کورتخایەندا لە چەکوچۆڵ کەڵك وەربگرین، بەڵام هەوڵیش بدەین لە ڕێگەی تەرکیزکردنە سەر پەروەردە و بەهێزکردنی ژنان بۆ ڕۆنانی کۆمەڵگاگەلی سەقامگیرتر تا کەمتر لە بەرامبەر هورووژمی تەبلیغی توندڕەوانەدا خەسارهەڵگر بن، هەنگاوی ستراتیژیك بهاوین؟

هێرشی ئاسمانی ئەمریکا چوونەپێشی دەوڵەتی ئیسلامی هێور کردووەتەوە و پێشی بە جینۆسایدی حەشیمەتی ئێزیدی لە عێراقدا گرت، بەڵام زۆر دژوارە لە ئاسمانەوە شەڕێك ببەیتەوە. بەو هۆیەیە کە تالیبان ئێستاش پاش ١٣ ساڵ لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا هەر ماوە.

بەداخەوە، ئێمە ئەوەندەی توندڕەوەکان یارییەکی درێژخایەن ناکەین. بە تەواوی پشتمان بە ئامرازە سەربازییەکان بەستووە و ئامرازە پەروەردەییەکان، ئامرازەکانی هێزبەخشین بە ژنان و ئامرازە پەیوەندیکارییەکانمان وەلا ناوە. ئێمە تاکتیکی کار دەکەین، مخابن توندڕەوەکان ڕەنگە لە ستراتیژیدانانەدا باشتر بن."

نووسەر چەندین پاراگراف بە ڕادەی بودجەی ئەمریکا بۆ پەروەردەی دەرەوەی سنووری و هەروەها هەوڵەکانی کۆنگرێسی ئەو وڵاتە بۆ گرینگیدانی زیاتر بەو بوارە و لاوازیی پەروەردە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەرخان دەکات.

لە کۆتاییدا هاتووە: "بۆیە با لە توندڕەوەکان فێر بین ـ لەو کچە بوێرانەیش فێر بین کە دەیانەوێ ژیانیان لە پێناو پەروەردەبووندا بخەنە مەترسییەوە. ئەوان هەموویان لە هێزی پەروەردە تێدەگەن و ئێمەیش دەبێ تێبگەین."

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# خومەینی فیلترینگی لە ئێران توووندتر کردەوە

**هیوا میرزایی**

پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و ئامێرە پێوەندییەکان لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بووەتە هۆی لێك نزیکبوونەوەی زیاتری خەڵکی جیهان. ئەم لێك نزیکبوونەوەیە وایکردووە کە هەواڵ و زانیاری لە پانتایەکی بەربڵاودا دەستاودەست بکرێ کە ئەمەیش بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئاگابوونەوەی خەڵك لە هەواڵەکانی جیهان و زانیاری زۆرتر لەسەر ماف و ئەرکەکانی خۆیان چ وەك شارۆمەند و چ وەك ئەو تاکانەی کە لە کۆمەڵگاکانی خۆیان بە هۆی نەتەوە و ئێتنیك و ئایینەوە زوڵمیان لێ دەکرێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ و هەر ئەمەیش وای کردووە کە ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببنە مەترسییەکی گەورە بۆ دیکتاتۆرەکان و ئەو سیستمە سیاسیانەی کە درێژەدانی ژیانی سیاسی خۆیان لە چەقبەستوویدا دەبیننەوە.

مێژووی پەیوەستبوونی ئێران بە ئینترنێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٣ کە ئەو کات دووهەمین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە دەبوویە خاوەن ئینترنێت بەڵام لە بواری خێرایی ئینترنێت بۆ بەکارهێنەرانی لە نێو ١٧٨ وڵاتی جیهاندا پلەی ١٦٤مینی هەیە و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا وڵاتی میسر و سووریە لە خوارەوەی ئێرانن. کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بەردەوام بە هۆی فیلتێرکردنی ئینترنێت و بەرتەسك کردنەوەی هەواڵ و




زانیاری دروست بۆ هاووڵاتیانی خۆی هەم لە لایەن خەڵکی نێوخۆ و هەمیش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لۆمە و مەحکووم کراوە. بەڵام هیچکات ئەم ڕێژیمە گوێی بەم نارەزایەتیانە نەداوە و سوورە لەسەر قەدەغەکردن و فیلتێرکردنی زۆرتری ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە و هەر لەم پێوەندییەدا لە ڕاپۆرتێکی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە مانگی مارسی ٢٠١٣دا و لە ڕۆژی خەبات دژی سانسۆرکردنی ئینترنێت ڕایگەیاند کە ئێران،چین، سووریە، ڤیتنام و بەحرین ٥ وڵاتی دوژمنی ئێنترنێت لە جیهاندان. لە نوێترین هەواڵدا "موحسێن ئێژەیی جێگری یەکەمی دەزگایی قەزایی ئێران بە ناردنی نامەیەك بۆ وەزیری پێوەندییەکانی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی داوای کردووە کە لە ماوەی مانگێکدا سێ تۆڕی کۆمەڵایەتی وەك " واتس ئاپ، وایبێر و تانگۆ" دابخەن یان شێوەیەکی کاریگەر کونترۆڵی زانیاری بکرێن و ئەگەر ئەمە ئەنجام نەدرێ دەزگای قەزایی خۆی لە هەمبەر ئەم کارە هەڵویست دەگرێ."

شایانی باسە کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە سێ ئەپلیکێشنن کە لە سەر موبایلە زیرەکەکاندا دادەنرێن و بۆ پێوەندی تەلەفوونی و SMS و پێوەندی ڤیدیۆیی لە لایەن بەکارهێنەرانی ئینترنێتەوە لە ئێراندا کەڵکی زۆریان لێ وەردەگیردرێ و لەماوەی ڕابردوویشدا هەر بە هۆی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە شەپۆلێکی بەربڵاوی سووکایەتی پێکردن بە خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی دەستیپێکردبوو کە ببووە هۆی نیگەرانی و نارەزایەتی بەرپرسانی ڕێژیم و هەر لەم پێوەندیشدا ١١کەس لە ئۆستانی فارس دەسبەسەر کراون کە گویا ئەو کەسانەن کە لە چوارچێوەی کورتەنامەی گاڵتەجاڕیی سووکایەتیان بە خومەینی کردووە. دیارە زۆرکەس لە چالاکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکان لە ئێران پێیان وایە کە ئەم شەپۆلە سووکایەتیی پێکردنە بە دامەزرێنەری ڕێژیم شتێکی دەستکردی خودی ڕێژیمە و بەم هۆیەوە دەیانهەوێ کە ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە واقیعدا ئازادییە بەرتەسکەکانی نێو ئێران کەمتر بکەنەوە. دیارە پێشتریش سێ تۆڕی کۆمەڵایەتی گەورەی وەك فیسبوك و تویتێر و یووتوب لە ئێران فیلتێر کراون و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناچارن بۆ کەڵك وەرگرتن لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە فیلتێرشکێن کەڵك وەربگرن.



# "شووری شیرین" و "چێ" بە چ ئامانجێ؟

فاتیح سالحی

"شووری شیرین" و "چێ" دوو فیلمی بەرهەمهێنراوی سینمای کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە هەر کامەیان لە لایەن تاقمێك و کەسانێکەوە دروست کراون کە ڕەنگە لە ڕووی ناو و نازناوەوە جیاوازییان هەبێت بەڵام لە نێوەڕۆك و چییەتی شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانینیان بۆ سینما و چیرۆکە سینماییەکان وەك سێوێکن کە لە نیوەوە قاش کرابێت.

پێش لەوەیکە باس لە ئامانجە دزێوەکانی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فیلمانە بکەین کە لە ڕاستیدا و بە پێی بنەما سینماییەکانی پێناسەی فیلمی سینمایی ناچنە خانەی ڕەخنەی هونەریی سینماییەوە باسێك لەسەر ئەو دوو فیلمە دەکەین و دواتر بە پێی مەجال دەپرژینە سەر ئەوەیکە مەبەستی کاربەدەستانی سینمای کۆماری ئیسلامی لە چێکردنی ئەم جۆرە نافیلمانە چییە.

شوور شیرین:

بەرهەمی ساڵی ١٣٨٨ی دامەزراوەی سینمایی فارابییە کە بە هۆی ئاست نزمی و دووبارەبوونەوەی کۆمەڵێك کلیشەی سینمایی نەیتوانی لە گیشەی سینماکاندا فرۆش بکات و بە ناچار پاش چەندین مانگ مانۆڕدان لەسەر ئەو فیلمە کاربەدەستانی سینمایی ناچار بوون لە تلفزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا ئێکرانی گشتیی بکەن. ئەم فیلمە لە لایەن سێ کەس لە بەسیجییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە نووسراوە کە نە سێناریستن و نە ڕوانگەی هونەرییشیان لەمەڕ سینەماوە هەیە. ١. جەواد ئەردەکانی خەڵکی مەشهەد کە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لقی یاسای تەواو کردووە و جگە لە چەن بەرهەمی سووکی هاوشێوەی شووری شیرین تا ئێستا خاوەنی بەرهەمێکی هونەریی نەبووە. ٢. مەجید ئەیافت کە یەکێك لە سەردارانی سوپای کۆماری ئیسلامییە و لە سەرکوتی دڕندانەی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوقەتارەکانی و وەك مەحموود کاوە کە ڕۆڵی سەرەکی فیلمی شووری شیرینە بەشداریی چالاکانەی بووە. ٣. ماشائەڵڵا شاهمۆراد ئیزەدی کە لە کۆنە پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و ناوبراویش هاوشانی مەجید ئەیافت و مەحموود کاوە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵە قارەمانەکانی نەتەوەی کورد سوورە.

بەمشێوە تا ئێرە دەیبینین کە ئەم فیلمە لە بنەڕەتەوە چەن ناتەواو و بەدەرە لە ماناکانی سینما. چونکوو کۆڵەکەی بەهێزی هەر فیلمێکی سینمایی سێناریۆی ئەو فیلمەیە و بە دڵنیاییەوە کەسێك دەتوانێ سێناریستێکی باش بێت کە لە بیاڤی سینمادا دەستێکی باڵای هەبێت و شارەزا بێت لە هەموو شێواز و ئۆسلووبەکانی سێناریۆی فیلمی سینەمایی. بەڵام ئەو کەسانەی کە نووسەری بەناو ئەم سێناریۆیەن بەدڵنیاییەوە بە تەواوی لە ماناکانی هونەری سینما دوورن و لە نێو ئاپۆڕای لایەنگران و ئۆگرانی سینمای ڕاستەقینە هیچ شوێنێکیان نییە و تا بە ئێستاش جگە لە چەن فستیڤاڵی سوپای پاسدارن لە هیچ شوێنێکی دیکە تاکە خەڵاتێکیشیان وەرنەگرتووە.

دەرهێنەری ئەم فیلمەش خودی جەواد ئەردەکانییە کە هەر وەك پێشتر هێمامان بۆ کردووە لە کارنامەی سینمایی خۆیدا جگە لە چەن فیلمی سووکی وەك شوور شیرین بەرهەمێکی ئەوتۆی نییە و ناوبراو لە لایەن سوپای پاسدارانەوە ئەو ئەرکەی پێ ئەسپێردراوە کە لەسەر ژیانی سەردارانی سوپا فیلم بەرهەم بێنێ وەك فیلمی " بە کبودی یاس" کە لەسەر ژیانی خوێنڕژێکی دیکەی ڕێژیم بە ناوی "برونسی"یە. وادیارە جەواد ئەردەکانی بە شێوەی قونتەراتی ئەم ئیشەی لە سوپای پاسداران وەرگرتووە و ئەگەر چاوێك لە فیلمی بە کبودی یاسیش بکەین دیسان هەمان ئێلمان و کلیشەکانی شووری شیرین بە شێوەیەکی دیکە دووبارە دەبنەوە و لەگەڵ یەك هیچ جیاوازییەکیان نییە.

تا ئێرەی بابەتەکە بە جوانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شووری شیرین هەم لە باری سێناریۆ و هەم لەباری گرووپی فەننی بەرهەمهێنان کە دەرهێنەر سەرترۆپکی ئەو گرووپەیە هیچ شاخسەیەکی سینمایی نییە. بەم پێیە ئەم فیلمە لە لایەن کۆمەڵێك کەسی بەکرێگیراوەوە بەرهەم هاتووە کە ئەرکیان تەنیا خۆشخزمەتی کردن بە سوپای پاسدارانە نەك خزمەت کردن بە هونەری سینما و گواستنەوەی ڕاستییەکان.

لەم فیلمە کرچ و کاڵەدا لە تکنیکی "گێڕانەوە لە گێڕانەوە" و بە شێوەیەکی ساویلکانە لە ترۆکاژە ماوەبەسەرچووەکانی دەیەی ٨٠ی زایینی سینمای هالیوود کەڵك وەرگیراوە و کەسێك دەبێتە قارەمانی فیلمەکە کە لە هەر جۆرە خراپییەك بەدوورە و تەنیا لەبەر ڕزگارکردنی جیهانی مرۆڤایەتی دەست دەداتە تاوان و جینایەت. لێرەدایە کە ڕۆڵی سەرەکی فیلمەکە کە پاسدار مەحموود کاوەیە زەق دەبێتەوە و ناوبراوە بە تەمەنێکی کەمەوە دەبێتە ئارنۆڵدی سینمای هالیوود و بە تاقی تەنیا هێزێکی پۆشتە و پەرداخی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە چۆك دادەهێنێ.

لەم فیلمە سووکەدا لە کۆمەڵێك کلیشەی دزێو کەڵك وەرگیراوە بەو مەبەستەی کە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە ناڕەوا و دژە ئایین و دژە مرۆڤ پیشان بدرێت. وەك یەکێ لە دیمەنەکانی فیلمەکە کە فەرماندەرێکی هێزی پێشمەرگەی حیزی دێموکرات هاوکات کە بتلێك ڤیسکی بە دەستیەوەیەتی فەرمان دەدا ئاگر بەردەنە مزگەوتێك و مامۆستای ئایینی ئەو مزگەوتە و ئایاتە پیرۆزەکانی قۆرئانی پیرۆز لە نێو ئاگری مزگەوتەکەدا بسووتێندرێن. بە بێ هیچ دەمارگرژییەك و بە پشت بەستن بە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات هیچ کات ئەم کردەوە قیزەونە لە ڕۆڵەکانی دێموکرات نەوەشاوەتەوە و ناشوەشێتەوە و لە ڕێزی هەرە پێشەوە ئەم حیزبە لە خودی پێشوا قازی موحەمەدەوە بگرە تا ئێستای ئەم حیزبە بە دەیان کەسی ئایینی و مامۆستای ئایینی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد خەباتیان کردووە و تا پلەی سکرتێریی ئەم حیزبەش چوونەتە پێشێ، ئەگەر حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی ئایین و بیر و باوەڕی خەڵکی کوردستان بجووڵایەتەوە نەدەبووە لانکەی هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و لەسەرووی هەموویانەوە ئەو خوشك و برایانەی کە باوەڕیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیە، هەر بۆیە لەو سەردەمەشدا دەروازەی کرانەوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران چەن ئایات لە ئایاتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز بوو و ئێستاش حیزبی دێموکرات خافڵ نەبووە و ناشبێت لە گرینگی دان بە ئایینە جیاوازەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

جگە لەمانە لە درێژەی فیلمەکەدا بەردەوام باسی تاڵانچیەتی هێزەکانی حیزب و سەربڕینی مرۆڤەکان بە دەستی کوردەکان دەکرێت و بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە پەرە دەدرێت بە دیارەدی جاش پەرەوەری و دزێو کردنی سیمای ڕاستەقینەی مرۆڤی دێموکرات و چاندنی تۆی دووبەرکی و ئاژاوەنانەوە بە مەبەستی خۆش کردنی ئاگری شەڕی براکوژی و هتد.

جگە لەمانە لە فیلمەدا کۆمەڵێك نیشانە دەکەونە پێش چاو کە سوپای پاسداران و ئەرتەشی شاهەنشاهی هیچ جیاوازییەکیان لە سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد نییە و لە سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورددا بە سوپایی و شاهەنشاهیی و بە ناو چەپ و سێکۆلارەوە دەستیان هەبووە. بۆیە لە گرتەیەك لە فیلمەکەدا یەکێك لە کەسایەتییەکانی فیلمەکە کە ئەفسەرێکی گاردی شاهەنشاهیی بووە شانبەشانی هێزە سەرکوتکەرەکانی سوپای پاسدارن لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕ دەکات و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا هاوشان لەگەڵ خومەینی و دەستە و تاقمەکەی، هێزە داگیرکەر و سەرەڕۆکانی دیکەی دەسەڵاتداری ئەو کاتەش لە کاتی لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران دەست دەدەنە دەستی یەکتر و شانبەشانی یەکتر لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە نەتەوەی کورد شەڕ دەکەن، پرسێك کە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە و ناوە ناوە گوێمان لێ دەبێت ئەوەیە کە بەشێك لە هێزەکانی ئۆپۆزێسیۆنی ئێرانییش وەك هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرش دەکەنە سەر داخوازیی و ویستە ڕەواکانی نەتەوەکەمان.

فیلمی "چ"....

ئەم فیلمە لە لایەن کەسێکەوە بەرهەم هاتووە کە هەموو تەمەنی سەرقاڵی دروستکردنی کۆمەڵێك فیلمی کلیشەیی و سەربازیی لەسەر ڕووداوەکانی ئێران بووە. بە تایبەت لەسەر بەرەکانی شەڕ لەگەڵ عێراق و ژیان و گوزەرانی پاسدارەکان دوای کۆتایی هاتن بە

**به ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە لە نێوان دەسەڵاتداران و نەوەی چوارەم و پێنجەمی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بۆشاییەک و کەلێنێکی وا پێکهاتووە کە نە تەنیا سینمای کۆماری ئیسلامی بەڵکوو سینماکانی هالیوود و بالیوودیش ناتوانن ئەم درز و کەلێنە پڕ بکەنەوە و ڕێژیم هەرگیز ناتوانێ بە بەرهەمهێنانی ئەم جۆر فیلمانە خەڵکێک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ**

شەڕ و دوور کەوتنەوەیان لە بازنەی دەسەڵات، بۆیە ئیبراهیم حاتەمی کیا نووسەر و دەرهێنەری ئەم فیلمە بە باوەڕی زۆربەی شارەزایان و کارناسانی سینما یەکێك لە بەکرێگیراوەکانی سەر بە سوپای پاسدارانە کە بەردەوام بۆ پەرەپێدانی ڕۆڵ و دەستێوەردانەکانی هێزە سەرکوتگەرەکانی سوپا لە بازنە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا هەوڵ دەدات و بیرۆکەی دزێوی سوپای پاسداران بۆ دەسەڵاتداری و زاڵ بوون بەسەر خەڵکدا لە ڕێگەی سینماوە دەهێنێتە نێو کۆمەڵگا.

ڕەنگە هەندێ کەس بە بیستنی ناوی ئیبراهیم حاتەمی کیا وا بیر بکەنەوە کە ئەم کەسە یەکێك لە هەڵکەوتەکانی سینەمای ئێرانە و بۆ ئەم مەبەستەش ناوی دوو فیلمی "آژانس شیشەای" و "ارتفاع پست" وەك نموونە دەهێننەوە کە لە ڕاستیدا ئەو دوو فیلمەش بە شێوەیەکی زۆر بەرنامەڕێژی کراو بۆ لێدانی هێزە جیابیرەکانی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسدارن دروست کرابوو. بەڵام حاتەمی کیا لە فیلمی "چ" چییەتی ڕاستەقینەی خۆی و خۆشخزمەتیکردنی بە کۆماری ئیسلامیی و سوپای پاسدارن پیشان دەدات و هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بە چەواشەکاریی و بە لاڕێدا بردنی ڕاستییەکان هەوڵ دەدات کە تاوانی هەڵگیرسانی شەڕەکە بخاتە ئەستۆی هێزە ئازادیخوازەکان و بەمجۆرە خۆیان لە هەموو تاوانە دژە مرۆییەکان کە دژی خەڵکی پاوە بەڕێوەیان برد بەری بکەن.

لەم فیلمەدا بە ئاشکرا دیارە کە ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە بە دووبەرکی نانەوە و ئاژاوە دروست کردن لە نێوان سۆرانی و هەورامییەکانی دانیشتووی پاوە لە هەوڵی چاندنی فکریەتی هەمان دوکتۆرینی "تفرقە بنداز و حکومت کن"ە. لەم فیلمەش ڕێك وەك فیلمی شووری شیرین کورد بە هێزێکی سەرەڕۆ و سەربڕ و تاڵانچی دێتە پێش چاو کە ئەمانیان لە خەڵکی پاوە بڕیبوو. جگە لەمە نووسەر و دەرهێنەری ئەم فیلمەش دیسان بە کەڵك وەرگرتن لە کۆمەڵێ کلیشەی ماوەبەسەرچوو هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە گەڕ کە بە هەندێ ترۆکاژی سینمایی باو لە سینمای ئەکشێنی هالیوود سەرەنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و زۆر چەواشەکارانە سیمایەك لە چەمران پیشان بدات کە بۆ ڕزگاریی و ئازادی نەتەوەکان هەوڵ دەدات هەڵبەت وادیارە کە خودی حاتەمی کیاش هاوشێوەی هاوبیرەکانی بڕوای بە چەمکی نەتەوە نییە و لە هەموو فیلمەکەدا چەمران هەرگیز



باسـی نەتەوەبوونی کورد ناکات و زیاتر لە سۆنگەی ئایینی شـیعەوە دەپرژێتە سـەر ڕەگەز و نیژادی مرۆڤەکان. بۆیە حاتەمـی کیا هەوڵ دەدات ئەو سـیما خوێنمژە لە چەمران بسڕێتەوە و لە باتی ڕواڵەتی ڕاسـتەقینەی چەمران کەسێك پیشان بدات کە ئاشتیخوازە بۆیە چەندین جار لە زاری کەسایەتی چەمرانەوە ئێمە گوێبیستی ئەم دیالۆگەین کە " ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین... ئێمە لەسەر داواکاریی خەڵکی پاوە بۆ یارمەتیدان هاتووین"...

پرسـێکی دیکـە کە لـەم فیلمەدا جێگای باس و سەرەنجە تۆمەت لێدان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمانە کە بەردەوام کاربەدەسـتانی کۆماری ئیسلامی و دارو دەستەکانیان وەك ئیبراهیم حاتەمی کیا هەوڵ دەدەن وا بە بیروڕای گشـتی بسەلمێنن کە شۆڕشـەکانی کورد نەك دەرەنجامی خواست و ویستەکانی کوردە بەڵکـو بەرهەمی پاڵپشـتی هێزێکی بێگانەیە، بۆیە بە ڕاشکاوی لەم فیلمەدا ئەم تەوەرە دەکەوێتە پێش چاو و لە زاری خـودی چەمرانەوە لـە وتووێژ لەگەڵ کەسـایەتییەکی نارِوون و خەیاڵاوی بە ناوی دوکتۆر عەنایەتی باس دەکرێت کە " بوی اسراییل بە مشامم می رسد"...

بەڵام ڕاسـتییەك لەم فیلمەدا خۆی پیشـان دەدات و ئەویـش ئەوەیـە کە چەمران و ئەو کەسـانەی دیکە کە بە بیانووی دانووستان و وتوێژ هاتبوون بۆ پاوە تەنیا بە مەبەسـتی ئامادە سازیی هاتبـوون بۆ ئـەو شـارە و هەرگیز لە بیری ئاشـتی و وتووێژدا نەبوون بۆیە کاتێ یەکێـك لە پاسـدارەکانی ڕێژیم هێرش دەکاتە سـەر تیمسـار فەلاحی، چەمـران لە وەڵامیدا دەڵـێ،" ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە هاتووین"... و ڕێك هەر واشە پاش ئەوەیکە چەمران و فەلاحی بارودۆخەکە هەڵدەسـەنگێنن داوای یارمەتـی و فەرمانی جیهاد لە خومەینی دەکـەن و پاش ئەوەیکە ئەوان دەتوانن بە باشترین شێوە کات بۆ خۆیان بکڕن، خومەینیش لە ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی جیهاد بە دژی خەڵکی کـورد دەدات و بە هێرشـی بەرفراوانی هێزە سـەرکوتکەرەکان شالاوی خوێن لە پـاوە وەرێ دەخەن و بە بیانوی شـەڕ لەگەڵ کوفر دەسـت دەدەنە دڕندانەترین تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی.

ئامانجەکانی بەرهەمهێنانی ئەم جۆر فیلمانە چین؟

١. ئـەم فیلمانە و کۆمەڵێك فیلمی دیکـە لە حەوتـووی بە نـاو دیفاعی موقەدەسدا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تلفزیۆنی بە ناوی " جشنوارە فیلم های دفـاع مقدس" لە شاشـەی فەرمیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە بـڵاو کرایەوە کـە نە تەنیـا نەیتوانی خزمەت بە بەرژەوەندیی و قازانجەکانی دەنـگ و ڕەنـگ و کاربەدەسـتانی کۆماری ئیسـلامی بکات بەڵکوو بوو بە هۆی دەربڕینی نارەزایەتی خوشـك و بـرا کوردەکانمان لە پیـر و گەنج و خوێندکارەوە.... بڵاو کردنەوەی ئەم جۆر فیلمانە لە ژێر وەها ناوێکدا پیشاندەری ئەم شتەن کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە خەڵکی بەردەنگی خۆی بڵێ کە هێزە کوردییەکان هێرشـبەر و دەستپێشخەری شـەڕ بوون، بەڵام هەمـوان دەزانن و مێژوویش سـەلماندوویەتی کە هەرگیز هیچ هێزێکـی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە حیزبی دێموکرات چەکی بۆ هێرش هەڵنەگرتووە و بەڵکوو چەك بەرەنجامی داخسـتنی دەرگاکانـی وتووێژ بوو و لە ڕاستیدا بۆ داکۆکی لە شـان کراوە. لە کاتێکدا کاربەدەسـتانی کۆماری ئیسـلامی و سـوپاییەکانی دەنگ و ڕەنگی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان کە هێرشی دڕندانەیان بۆ سەر کوردستان لە چوارچێوەی دیفاعی بە ناو پیرۆز لە بیروڕای گشتی خەڵکی خۆیاندا جێ بکەنەوە.

٢. کۆمـاری ئیسـلامی لـە مێژە هـەوڵ دەدات کـە بـە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك لەم فیلمە سـووکانە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بباتە ژێر پرسـیار و لە ڕێگەی ناحەز پیشـاندان و چەواشە کردنی ڕاسـتییەکان پاسـاو بۆ تاوان و جیناتەکانـی خۆی بهێنێتـەوە بەڵام بە سـەرەنجدان بە چییەتی ڕاسـتەقینەی کاربەدەستانی ئەم سیسـتەمە هەرگیز ناتوانـن بـەم ئامانجەیان بگـەن و نە تەنیا بەرهەمهێنانـی ئەم جۆرە فیلمانە خزمەتیان ناکات بەڵکوو دەبێتە هەوێنی نارەزایەتـی دەربڕینی خەڵك و پشـت بەستنی زیاتر بە هێزە ڕزگاریخوازەکان، بۆیە دەبینین کە کاتێ ئەم فیلمانە لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە بـڵاو دەبێتەوە، خەڵکی کورد لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کۆدەنگی و هاودەنگی ئەم کردەوەی ڕێژیم تەقبیح دەکەن و بە ئیشێکی سووکی دەزانن.

٣. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە حیزبی دێموکـرات چ پێگەیەکی لەمێژینـە و قووڵی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە و بە درێژای ٣٦ سـاڵ تەمەنی دزێوی دەسـەڵاتداریی خۆی هەرگیز نەیتوانیوە ئەم ڕەگە مێژووییە وشك بکات بۆیە بە هەموو تواناییەوە هـەوڵ دەدات کە بـۆ بەرخۆری نەوە و جیلـی نـوی ئەم کۆمەڵـە فیلمە بەرهەم بێنـێ کە هەم لـە لایەکەوە قارەمـان سـازییان بۆ بـکات و لە لایەکی دیکەشەوە گەنج و لاوی کورد لـە دووبارە بوونەوەی ئـەم ڕووداوانە بترسێنێ، بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە لە نێوان دەسەڵاتداران و نەوەی چـوارەم و پێنجەمی پاش شۆڕشـی گەلانی ئێران بۆشـاییەك و کەلێنێکی وا پێکهاتـووە کە نە تەنیا سـینمای کۆماری ئیسلامی بەڵکوو سینماکانی هالیـوود و بالیوودیـش ناتوانن ئەم درز و کەلێنـە پڕ بکەنـەوە و ڕێژیم هەرگیز ناتوانێ بە بەرهەمهێنانی ئەم جۆر فیلمانـە خەڵکێك بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

٤. کۆماری ئیسـلامی نە تەنیا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانـی ئەم فیلمانەوە بەڵکـوو لە ڕێگەی دروسـت کردنی کۆمەڵێ دیکۆمێنتـی پڕ لە درۆی دیکە لە هەوڵی ئەوەدایە کە دژی هێزە ڕزگاریخـوازەکان و حیزبی دێموکرات لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە جیهانی و مرۆڤدۆستەکان بەڵگەسازیی بکات و سیمایەکی تیرۆریستانە لە هێزی کورد پیشـان بدات و لەم ڕێگەوە بە جیهان پیشان بدات کە قوربانیی سەرەکی تیرۆر ڕێژیم و کاربەدەستانی ڕێژیمن، خافڵ لەوەیکە ئیدی چییەتی ڕاستەقینەی ئـەم ڕێژیمە بۆ هەمـوو لایەك ڕوون بووەتەوە و ڕێژیم بەم کارەشی ناتوانێ ڕاستییەکان چەواشە بکات و خەباتی ڕزگاریخوازانـە نەتەوەی کورد ناحەز بکات.

# گۆتاربێژیی حەسەن ڕووحانی لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی un و چەواشەکردنی ڕاستییەکان

**کانیاو**

ڕێکەوتـی ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتـاوی، بەرانبەر بە "٢٤ی مانگی سـێپتامبر" لە نیۆیـۆرك، ٦٩هەمین کۆبونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یەکگرتووەکان، بە بەشـداریی نوێنەرانی ١٩٣ وڵاتی ئەندام بەڕێوەچوو. لە وتاری کردنەوەی کۆبوونەوەکـەدا "بـان کـی مـۆن" سکرتیری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان وتی: "پێویسـتە وڵاتان پەلە بکەن لـە بەرەنـگار بوونەوەی تیرۆر و ڕێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی لـە جیهانـدا." هەروەها پرسـەکانی داعـش، توندڕەوی لـە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، گۆڕانکارییەکانی کەش و هـەوا، بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی ئیبـۆلا لە گرنگترینی ئـەو تەوەرانە بوون کە بان کـی مۆن لە کرانەوەی کۆبونەوەی کۆڕی گشتیی هێمای بۆ کردن. پاشـان کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشـتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە قسـە کردنی سەرۆك و نوێنەری وڵاتانی ئەندام و چاودێر و کەسایەتییەکانی میوان دەستی پێکرد. باراك ئۆباما سـەرکۆماری ئەمریکا، یەکێـك لە گوتاربێژانـی کۆبونەوەی کۆڕی گشـتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، هێمای بۆ شـەڕ بە دژی داعش بە هاوپەیمانی ٤٠ وڵات، بنەبڕ کردنی تیرۆریزم، ئاشتی لە جیهان و کێشەی ناوەکیی ڕێژیمی ئێران کرد. ئۆباما لە بەشێکی وتارەکەیدا گوتی: "توندوتیژیی مەزهەبی جیهانی تەنیوە دەبێ توندڕەوی و تیرۆریـزم بنەبڕ بکرێت". هەروەها ئوباما، جەختیشـی کـردەوە نابێـت هیـچ نەتەوەیەك لە ژێردەسـتی نەتەوەیەکی دیکەدا بێت. سـەرکۆماری ئەمریکا لە بەشـێکی دیکەی قسـەکانیدا وتـی: "زیاتر لە ٤٠ وڵات پشتیوانی خۆیان بۆ شەڕی داعش دەربڕیوە و دەبێ لەناو ببرێت". هەر لە درێژەی قسەکانیدا باراك ئوباما، هۆشـداری دا بـە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و وتی: "ئامریکا بۆ بەدەستهێنانی ڕێگا چارەی سیاسیی لە پێوەندی لەگەڵ دۆسییەی ناوەکی ئێران زۆر هەوڵی داوە و دەبێت ڕێژیمی ئێران ئەو دەرفەتە لە دەسـت نەدات و دەبێـت ئێمە دڵنیا بیـن کە ئامانجی بەرنامەی ناوەکیـی ڕێژیمی ئێران، بـۆ بەدەسـتهێنانی چەکـی ناوکی نییە". یەکێکی دیکـە لە وتاربێژانی کۆڕی گشـتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتـوەکان، دەیویـد کامیـرۆن، سـەرۆك وەزیری بریتانیا بوو. سەرۆك وەزیری بریتانیا لە گوتاربێژیی خۆی لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جگە لەوەی ڕێژیمی ئێرانی بە بەشێك لە گێر و گرفتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانا، ئـەم ڕێژیمەی بە پشـتیوانی گرووپە تیرۆریسـتەکان نـاو برد. سـەرۆك وەزیـری بریتانیا بە هێمـا کردن بۆ چاوپێکەوتنی لەگەڵ سـەرکۆماری ڕێژیمـی ئێران، حەسـەن ڕووحانیدا، وتـی: "ئێمـە لەگـەڵ ڕێژیمـی کۆماری ئیسـلامیی ئێران کێشـەی قووڵ و جیددیمان هەیە، پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بەرنامەی ناوکی، پێشـێلکردنی مافی مرۆڤ، هەڵسوکەوتی سـەرکوتکەرانە لەگەڵ گەلانی ئێـران، ڕووخانـی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، لەو کێشە قووڵانەی ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن". ئەم قسـانەی دەیوید کامرۆن دژکردەوەی کاربەدەسـتانی ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی لـێ کەوتەوە. عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە دژی قسەکانی دیویـد کامێرون هەڵویسـتی توندی گرت. هەروەها مەرزیە ئەفخم وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوی ڕێژیمی ئێران لە دژکردەوە بە قسەکانی دیوید کامیرون سەرۆك وەزیری دەوڵەتی بریتانیا وتی: "قسەکانی سەرۆك وەزیری بریتانیا لە کۆڕی گشـتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا نیشاندەری بەردەوامی ڕوانگـەی خۆبەزلزانیی ئەو وڵاتەیە، کە چـون بە خۆی ئیزن دەدا لە باری کۆمـاری ئیسـلامییەوە لێدوانی وا دەدات."

حەسـەن ڕووحانـی، سـەرۆك کۆمـاری ڕێژیمی ئێـران، یەکێکی دیکـە لە گوتاربێژانـی کۆبونەوەی کۆڕی گشـتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بـوو. ناوبراو لە کاتێکدا کە بەشـێکی زۆری کورسـییەکانی ئەو کۆبوونـەوە بەتاڵ بوون، گوتاری خۆی دەست پێکرد. قسەکانی حەسەن ڕووحانی لە دوو تەوەریی، (دیاردەی تیرۆریـزم و تێرۆریزمی نێونەتەوەیی) و (دۆسـییەی ناوکیی ئێران و ڕەوتی وتووێـژەکان لەگـەڵ وڵاتانی ٥+١) بوو. حەسـەن ڕووحانی لە سەرەتای قسەکانیدا باسی لە مەترسی تیرۆریزم و توندوتیژی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت کـرد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرەی دژ بە تیرۆریزم دانا و وڵاتی ئێرانی بە ئارامترین وڵات لە ناوچەکەدا شوبهاند و داوای کۆدەنگی نێونەتەوەیـی بـۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کرد. ئەوە لە کاتێکدایە، ٣٥ ساڵە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی، لێوانلێـوە لە کـردەوەی تێرۆریسـتی و تێرۆریزمی دەوڵەتی. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی لە نێوخۆی وڵات، بە پێداگری لەسەر بیـروڕای ڕادیکاڵیزمـی مەزهەبی توندڕەو و قۆرغ کردنی دەسـەڵات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیکتاتۆڕی بەسەر گەلانی ئێراندا، دەستی لە هیچ کردەوەیەکی سـەرکوتکەرانە بە دژی ئازادیخـوازان و جیابیرانـی گەلانی ئێـران نەپاراسـتووە. ڕێژیـم هەر لە سەرەتاوە بە کەڵك وەرگرتن لە تیرۆر و زیندان هەوڵی بۆ لە مەیدان دەرکردنی حیـزب و ڕێکخراوە سیاسـییەکانی ئێرانـی و کوردسـتانی داوە. هـەر ئێسـتا بە زیندانی کردنـی زیاتر لە ٣٥ ڕۆژنامەنـووس، بوونی ٨٠ کەس لە زیندانیانی سیاسـیی نەتەوەکانی ئێران لە ژێر حوکمی پەتی سێدارە و بە پێکهێنانی کەش و هەوایەکی پۆلیسی و ئەمنییەتی ئێرانی کردووتە زیندانیکی گەورە بۆ گەلانی ئێران، تا بە قەولی حەسەن ڕووحانی ئێران ببێتە ئارامترین وڵاتـی ناوچەکـە. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتدا ، تێرۆریزمـی دەوڵەتی خۆی، هەم بە دژی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی و ئێرانـی، هـەم دژ بـە دەوڵەتانی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت و وڵاتانی دیکە بە شـێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێـژراو ئەنجامی داوە و دەدات. حەسەن ڕووحانی لە قسەکانیدا، بە لە بیرکردنی ڕابـردووی ڕێژیمەکەی و تاوانبـار بوون لە ئاسـتی جیهانیدا و لە دروسـت کردن و خوڵقاندنی کێشە و قەیـران لە جیهـان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچە و جیهانی بە خوڵقاندنی ئەو دۆخەی ئێستای سووریە و عیراق تاوانبار کرد. ئەو قسـانەی حەسەن ڕووحانـی لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی، بـە بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕشـی ئیسـلامی فرچکی گرتووە و هەر لە سـەرەتای دامەزرانییەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی کاری بۆ کـردووە. هەر بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی لە سەرهەڵدانی ڕەوتـی جیهانی تێرۆریزم و یەك لەوان لە دروسـت بوونی داعش و گرووپە تیرۆریسـتەکانی دیکـەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەر بووە. حەسـەن ڕووحانی لە بەشـی دووهەمی قسەکانیدا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس لە دۆسـیەی ناوەکیی ڕێژیمەکەی و دانووستانەکانی وڵاتانی ٥+١ی کرد. ناوبراو وتی: "ئێران بیر لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ناکاتەوە و لە بەرنامەی ناوکییەکەیدا هیچ شتێکی بۆ شاردنەوە نییـە و ئامادەیە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ناوکیـی ڕێژیمەکـەی، بەشداریی هاوپەیمانی بە دژی داعش بکات". ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ٥+١ ڕایانگەیانـدووە کە ئامادە نین بۆ گەیشتن بۆ چارەسەری پرسەکانی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، بەگوێرەی ویستەکانی ڕێژیمی ئێران، سـازان لە سـەر بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی بکەن. بە گشـتیی، گوتاری سەرکۆماری ڕێژیمـی ئێران، لە کۆڕی گشـتیی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یەکگرتووەکاندا سەرەڕای ئەوەی کە تەواو بە مەبەستی پێشاندانی سـیمایەکی میانەڕەو و تا ڕادەیەك سـەردەمیانە لـە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داڕێژرابوو، بەڵام تـەواو لەگەڵ نێـوەڕۆك و چییەتی ئەو ڕێژیمـە ناتەبا بـوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامیی ئێران، باشترین بەڵگە و دیارترین نموونەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی لە ئاستی جیهاندایە و ئەگەر وڵاتانی پێشـکەوتووی جیهان، پێش بـە تیرۆریزمی دەوڵەتـی و چالاکیە ناوکییەکانی ڕێژیمی ئێران نەگرێ، نە تەنیا پرسی تیرۆریزم لە جیهان و کێشە داعش و ئاڵۆزییەکانی سووریە و عێراق چارەسـەر نابێت، بەڵکوو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و دەوڵەتی ئیسلامی و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە زیاتر و ئاڵۆزتر دەبێ و چارەسەر کردنیـان بۆ وڵاتانـی هاوپەیمان لە داهاتوودا ئەستەمتر دەبێت.

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتدا ، تێرۆریزمی دەوڵەتی خۆی، هەم بە دژی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی و ئێرانی، هەم دژ بە دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی دیکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجامی داوە و دەدات**

# خوێندنەوەیەک بۆ ئەنجامەکانی جەنگ دژی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگ

ن: پرویز پورنژاد

ڕووداو و کارەساتەکانی ئەم دواییە و کردەوە نامرۆڤانەکان و توندوتیژییە بێ سنوورەکانی گرووپی ناسراو بە خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لە سوریا و عێراق کۆمەڵگەی جیهانیی تووشی شۆک کرد. بەم پێیەش وڵاتانی ڕۆژئاوا هەستیان بە نائاسایشی کرد و ئەم گرووپەیان بە هەڕەشە و مەترسی بۆ ئاسایشی جیهانی دانا و تەنانەت ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دەرکرد و وڵاتان کەوتنە خۆ و هەوڵی پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانیەکیان دا کە بە توانا و ئیمکانیاتی سەربازی و هەواڵگریی ڕۆژئاوا و هەروەها یارمەتی وڵاتانی ناوچەکە بتوانن ئەم گرووپە بوەستێنن و پاشان لەناوی ببەن. بەڵام پێویستە ئێمە بەپێی چوارچێوەیەکی زانستی بەتایبەت لە بواری ئاسایش ئەم هاوپەیمانیەتی و هەوڵە هەڵسەنگێنین و خوێندنەوەی بۆ بکەین. چونکە بە هۆی سروشتی ناوچەکە و جیاوازیی دەوڵەتانی ناوچەکە و بەم پێیەش ناکۆکی لە بەرژەوەندی و مەبەست و ئامانجی ئەم وڵاتانە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و هەروەها نارِوونی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەلایەکی ترەوە جۆری بەرژەوەندی و سروشتی ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا و ستراتیژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و ئەگەری بەشداری یان بەشداری پێنەکردنی ئێران و ...هتد، پێویستە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە دروشم و کردەوەکان و ئامانج و ئەنجامەکانی ئەم پارادۆکس و لایەنە پێکناکۆکانە هەڵسەنگێنین و گرێ کوێرە یان پارادۆکسە ئاسایشییەکانی ناوچەکە و ئەگەری دەستەبەربوونی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و دابینکردنی ئاسایش بۆ هەموو گرووپە ناسنامەییەکان و تەنانەت وڵاتان دەستنیشان بکەین.

یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە تیۆرییەکانی "قوتابخانەی کۆپنهاگ" لە بواری ئاسایشدا لە کتێبی زانا "باری بۆزان" بەناوی (خەڵک، دەوڵەتان و ترس) یان (بەرنامەی کارێک بۆ خوێندنەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سەردەمی دوای جەنگی سارد) بەرجەستە بووە. لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگەوە ئاسایش فرە ڕەهەندە، لەم قوتابخانەیە ڕەخنە لە ڕوانگەی ڕیالیزم دەگیرێت کە تەنیا خاوەن ڕەهەندێکی سەربازییە و زانایانی ئەم قوتابخانەیە بڕوایان وایە کە ئاسایشی تاک ڕەهەند ئیمڕۆکە بوونی نیە، بەڵکوو ئاسایش بۆ چەند بوار و ڕەهەندێك وەکوو ڕەهەندی (سەربازی، کۆمەڵگەیی، ئابووری، ژینگەیی و سیاسی) بەرفراوان بووە. هەروەها لە قوتابخانەی کۆپنهاگندا هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر بنەمای "کۆمەڵگە" دەست نیشان دەکرێن کە کۆمەڵگا لەتەك دەوڵەت سەرچاوەی ئاسایشە.

زانایانی ئەم قوتابخانەیە (بۆزان و ویۆر) گرنگی تایبەت بە "پرسی ناسنامە" دەدەن. چونکە کۆمەڵگە بە سروشتی خۆی لە چەندین پێکهاتەی جیاواز پێك دێت کە هەر پێکهاتەیەك ناسنامە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە. هەندێکجار پەیوەندی و کارلێکی ئەم پێکهاتە جیاوازانە بەهۆی سروشتی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆرێك لە ململانێی لێدەکەوێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر "ئاسایشی نەتەوەیی" دەبێت.

باری بۆزان لە کتێبی (ناوچەکان و هێزەکان: پێکهاتەی ئاسایشی نێودەوڵەتی) لە ساڵی (٢٠٠٤)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، شەش هێشوو-ناوچەی ئاسایشی وەکوو: ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئوروپا، ئەفریقا، ئەمریکای باکوور و ئەمریکای باشوور، پێکهات. بەم شێوەیە شەش هێشووی ئاسایش دروست بوو، کە بابەت و پرس و گیروگرفتەکانیان

**عێراقێکی بەهێز یان دێموکراتیک کە بە بەشداریی هەموو لایەن وناسنامەکان پێکهاتبێت، مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی (ڕێژیمی) ئێران و نفوزی ئێران لاواز دەکات و کێشە ناوخۆییەکانی ئێران بەرجەستەتر دەبێت و هیلالی شیعی دەپچڕێت**



لەگەڵ یەکتری (لەناو هێشووەکە ـ ناوچەکە) وێکچوونی تێدایە . بۆزان بەرگری لە ئاستی شیکردنەوەی ناوچەیی دەکات و تیۆری "گرووپی ناوچەیی ئاسایش" بونیاد دەنێت.

بەبڕوای بۆزان ئاستی شیکردنەوەی نەتەوەیی" ئاسایشی نەتەوەیی" کە ڕیالیستەکان بەرگری لێ دەکەن ناتوانێت هەموو بوار و بابەتەکانی ناوچەیی لەخۆ بگرێت، بەڵکو هەموویان دەخاتە ژێر ویستی نەتەوەیی و ویستی دەوڵەت، کە ئەمەش ڕاست نیە. هەروەها لە ئاستی جیهانیدا کۆنتێکستی ناوچەیی و خوارنەتەوەیی و نەتەوەیی، هەموویان دەکەونە ژێر هەژموونی سیستمی نێودەوڵەتی و بەپێی فۆرموڵی دابەشکردنی هێز لە ئاستی جیهانی شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت کە ئەمەش ڕاست نیە.

ڕەخنەی بۆزان لەسەر ئاستی شیکردنەوەی نەتەوەیی ئەوەیە کە دەوڵەت تەوەرە وهەروەها ئۆبجێکتیڤە، واتە لە ڕوانگەی بۆزانەوە دەوڵەت تاکە ئەکتەر نیە و چەندین ڕێکخراو و ئەکتەری تری سەروو و ژێر یان خوارنەتەوەیی و نادەوڵەتی و نێودەوڵەتی بوونی هەیە و لە لایەکی ترەوە ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵێك ڕەهەند و ڕەگەزی تر پێکهاتووە. وەکو: دابینکردنی ژیانی هاووڵاتیان و دەستەبەرکردنی خوشگوزەرانی و نەهێشتنی هەژاری و جیاوازی قووڵی چینایەتی و بەرهەمهێنانی سامان (ڕەهەندی ئابووری ئاسایش)، بوونی سیستمێك یان ڕژیمێکی سیاسی ویستراو و یان دێموکراتیك و بەگشتی سروشت و چۆنییەتی دامەزراوەکانی زاڵ لە بواری هێزی سیاسی (ڕەهەندی سیاسی ئاسایش)، پارێزراوبوونی ناسنامەی گرووپەکان(نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی، ئەتنیکی، نەژادی، ڕەگەزی و...هتد) لەهەمبەر سیاسەتی سڕینەوە و هەڵاواردن و دەستکاری و دەستێوەردان (ڕەهەندی کۆمەڵگەیی ئاسایش)، پاراستنی سروشت و ژینگە (ڕەهەندی ژینگەیی ئاسایش) و هەروەها بواری بەرگری سەربازی و پاراستنی خاك و هاوڵاتیان لە دەستدرێژی و هەڕەشەی دەرەکی و هێرشی دەوڵەت بۆ بەرپەرچدانەوەی نەیارەکان و بەرگری کردن لە هاوبەش و هاوپەیمانەکان (ڕەهەندی سەربازی) پێکدێت و لە ئامادە نەبوونی ئەم ڕەگەز و فاکتەر و ڕەهەند و بوارانەدا، باسکردن لە "ئاسایشی نەتەوەیی" ویان هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هیچ مانا یان واتایەك نادات.

بەم ڕوانگە تیۆریەوە و بە پێی واقع و ڕاستییەکانی سروشتی سیستمی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت ململانی و پرس و ناکۆکیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانین بڵێین:

یەکەم: سروشتی ناسنامەی شۆڕشگێرانە و ئایدۆلۆژیك – ئیسلامی (شیعی) سیستمی سیاسی کۆماری ئیسلامی و بەم پێیەش بەرژەوەندییەکانی وادەکات کە ئەگەر بە شێوەی تاکتیکی و بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ ئاسایشیەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەوڵی دژایەتی داعش بدات، بەڵام لە کۆتاییدا کۆماری ئیسلامی لەسەر دروستکردنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی دژیت و بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکە دەستەبەر دەکات و لاواز بوون یان لەناوچوونی داعش ئێران بە هێز دەکات و نفووزی ئێران لە عێراقی شیعی بەهێزتردەکاتەوە و ڕژیمی سوریا دەپارێزێت کە بەخاڵی پێکگەیشتنی هێلی ئێران بە لوبنان و فەلەستین دادەندرێت. (هیلالی شیعی)

دووەم: کۆماری ئیسلامی خۆی سەرچاوەی هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و هەوڵی پەراوێزخستن و سڕینەوە و لاواز کردنی ناسنامەکانی تری نەتەوەیی و ئەتنیکی و مەزهەبی و..هتد، لە ناوخۆ لە ڕێگەی سڕینەوە و پەراوێزخستن وسەرکوتکردن و لەدەرەوەش پاڵپشتیی لە دەوڵەتە سەرکوتکەرەکان و هەروەها گرووپە توندڕەوە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە دەدات. و بە پێی ئاسایشی کۆمەڵگەیی کە ناوەڕۆکەکەی ناسنامەیە، ئەوە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکە بۆ نموونە دژایەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی- سوننە و هەروەها پرسی کورد و نەتەوەکانی تر یان ئایین وناسنامەکان لە ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە و بەتایبەت مەترسی لە بە هێزبوونی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان.

سێیەم: سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە تا وەکوو گرووپی ئاسایشی و یان "هێشوو-ناوچە"ی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێتە خاوەن بەرژەوەندی و ئاسایشی هاوبەش ناپارێزرێت، چونکە هەریەك لە وڵاتانی عەرەبی-سوننە و کۆماری ئیسلامی ئێران بەئاشکرا یان بە نهێنی و ژێربەژێر پاڵپشتی لە گروپی توندرەوەی تیرۆریستی دەکەن. بۆیە بەردەوام گرووپی جۆراوجۆری تیرۆریستی دروست دەبێتەوە و هەرەشە لە ئاسایشی وڵاتان و تاك و گرووپە ناسنامەییە جیاوازەکانی ناوچەکە و بگرە هەڕەشە لە هەموو جیهان دەکەن.

چوارەم: ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە تەنیا بە ئاسایشی سەربازی ناپارێزرێت و پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی تری ئاسایش بەتایبەت ئاسایشی کۆمەڵگەیی (ناسنامەیی) بپارێزرێت کە ئەویش لە ڕێگەی ئاسایشی سیاسی و ئابووری لە ڕێگەی گۆڕینی ڕژیمی سیاسی ئەو وڵاتە دیکتاتۆرانە بۆ ڕژیمێکی دێموکراتیك لەسەر بنەمای داننان بە ناسنامە جیاوازەکان و بەشداری ڕاستەقینەیان لە دەسەلات و دابەشکردنی سامان و داهاتی وڵات (ئاسایشی ئابووری) دەکرێت. بۆیە تەنیا وەشاندنی گورزی سەربازی لە داعش ئاسایشی ناوچەکە ناپارێزێت بەڵکوو گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ کرانەوەی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانە و هەروەها پرسی چاکسازی و ڕیفۆرم لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کەلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی وبەتایبەت ئایینی بەگشتی لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت وڵاتێکی بە هێز و گرنگی وەکوو ئێران و

**تاوەکوو وڵاتانی عەرەبی چاکسازی و ڕیفۆرمێکی جیددی و قووڵ لە هەموو بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی نەکەن و نەبنە خاوەن سیستمێکی کراوەتر و لەسەر بنەمای ناسنامەیی ئایینی دامەزرابن و ڕەوایەتی وەبگرن کێشە ئاسایشیەکان هەر بەردەوام دەبێت**

"ئاژاوەی پێکهێنەر" دانراوە. بەم مانایە کە کۆماری ئیسلامی لەسەقامگیری و ئاسایشی وڵاتان زەرەرمەند دەبێت و نفووزری لاواز دەبێت بەڵام بە نانەوەی پشێوی و ئاژاوە و ناسەقامگیری بەڵام سنوردار و لە ژێرکۆنترۆڵی خۆی باشتر بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت، بەمەرجێك لە کۆنترۆڵی خۆی دەرنەچێت. بەم شێوەیە مانەوە و نفووزی خۆی لە ناوچەکە مسوگەر دەکات و وەکوو کارتێکی گوشار پرسەکانی ماڤی مرۆڤ و ئازادی باشتر لە تەنیا دانووستاندن لەسەر دۆسییەی ئەتۆمی دەتوانێت ئاسایشی تاك و ناسنامە و دەوڵەتان بپارێزێت. باشترین نموونەش پرسی کوردە لە هەر چوار وڵاتی تورکیا ،سوریا، عێراق و ئێرانە و هەروەها هەموو ناسنامە نەتەوەیی و ئەتنیکی و مەزهەبیەکانی تری وڵاتانی ناوچەکە. ئەوە بێجگە لەوەی کە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستهێنانی توانای دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و مووشەکی دوورهاوێژ و چەکی کۆمەڵکوژ و...هتد، بۆتە هۆی کێبرکێی سەربازی دڵەڕاوکێی ئاسایشی لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی ناوچەکەش هەوڵی خۆپرچەك کردن دەدەن و ئەمەش دیسانەوە دەبێت هۆی "نائاسایشی" و ناسەقامگیری ناوچەکە و لەلایەکی ترەوە کەوتنە ژێردەست یان پێدانی ئەو چەك و تەقەمەنیانە بە گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان، باشترین نموونەش جۆری چەك و توانا سەربازییەکانی خەلافەتی ئیسلامییە(داعش).

پێنجەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەتایبەت لە عێراق لەسەر بنەمای دژی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ناوچەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەکاری دێنێت و لەمەش گرنگتر هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر ناوخۆ- و لە ناوخۆ لادەبات و مانەوەی خۆی دەستەبەر دەکات. بۆیە عێراقێکی بەهێز یان دێموکراتیك کە بە بەشداریی هەموو لایەن وناسنامەکان پێکهاتبێت، مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی (ڕێژیمی) ئێران و نفوزی ئێران لاواز دەکات و کێشە ناوخۆییەکانی ئێران بەرجەستەتر دەبێت و هیلالی شیعی دەپچڕێت وهەروەها کارتێکی بەهێزی گەمەی ئێران لە ناوچەکە و دژی وڵاتانی عەرەب و ڕۆژئاوا و تەنانەت لە پرسی ئەتۆمی ئێران لە دەست کۆماری ئیسلامی دەردەهێندرێت.

شەشەم: تورکیا تاوەکوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و مسوگەر کردنی نفوزی خۆی لە ناوچەکە واز لە پاڵپشتی گرووپە ئیسلامیە سوننەکان نەهێنێت و پرسی کورد چارەسەر نەکات نە لە ناوخۆ و نە لە ناوچەکەش ئاسایش دەستەبەر نابێت.

حەوتەم: تاوەکوو کێشەی مانەوە یان داهاتووی ڕژیمی ئەسەد لە سوریا چارەسەر نەبێت و گرووپە میانەڕەوەکان بەهێز نەبن و ڕۆژئاوا ڕوسیا سنووردار نەکات و ململانێ ژئۆپۆلتیکیەکانیان نەگوازنەوە بۆ ناوچەی تر و هەروەها ڕژیمی سیاسی داهاتووی سوریا هەموو پێکهاتە و ناسنامە جیاوازەکان لە خۆ نەگرێت و سیستمێکی دێموکراتیك پێك نەیەت ئەوە بە دڵنیاییەوە نە سوریا خاوەن ئاسایشی نەتەوەییە و نە هێشوو-ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسایش و سەقامگیری هەیە.

هەشتەم: پرسی فەلەستین و ئیسرائیل بوار و دەرفەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی-سوننە لە لایەك و ئێران خوڵقاندووە کە دەستێوەردانی تێدا بکەن و کێشە و ململانییەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەم پرس و ناوچەیە. بۆیە دەبێت ڕۆژ ئاوا جدی بێت لە چارەسەر کردنی ئەم پرسە چونکە ئاسایشی ناوچەکە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەدایە.

نۆیەم: تاوەکوو وڵاتانی عەرەبی چاکسازی و ڕیفۆرمێکی جددی و قووڵ لە هەموو بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی نەکەن و نەبنە خاوەن سیستمێکی کراوەتر و لەسەر بنەمای ناسنامەیی ئایینی دامەزرابن و ڕەوایەتی وەبگرن کێشە ئاسایشیەکان هەر بەردەوام دەبێت. لەلایەکی ترەوە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران( بەناسنامەی ئایینی- شیعی- شۆڕشگێرانە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆنترۆڵی ناوچەکە و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵاتانی ناوچەکە بە هۆی سروشتی فرەیی پێکهاتە و ناسنامە جیاوازەکانیان، دڵەڕاوکێی ئاسایشیان بۆ دروست دەکات و ئەوانیش بە پاڵپشتی گروپی جیهادی و سەلەفی توندڕەو و هەروەها هەوڵدان بۆ خۆپرچەك کردن هەوڵی بەرەنگاری و دروستکردنی هاوسەنگی هێز دەدەن، بۆیە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە لە مەترسیدا دەبێت.

لەکۆتایی دا دەتوانیین بڵێین پرسی ئاسایشی هەموو وڵاتانی ناوچەکە (هێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) هاوبەشە. کە بە کورتترین وشە "کۆمەڵگەیی یان ناسنامەییە" کە بە سەرکوتکردن و بەکارهێنانی ئامراز و میکانیزمی سەربازی، ئاسایش (بەمانا مۆدێرن و فرەرهەندەکەی) دابین و دەستەبەر ناکرێت. بۆیە ڕۆژئاواش بۆ دابین کردنی ئاشتی و ئاسایشی جێگیر و بەردەوامی خۆی پێویستە پاڵپشتی لە ئازادی و دادپەروەری ناسنامەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیك دا بکات و ئەمە تاکە چارەسەرە...

# ئاکامی هەڵبژاردنەکانی وڵاتی سوید

ن و ئا: حەمید تەیموری

هەشت ساڵ واتە دوو دەورە حکوومەتی سوید بە دەستی حیزبە هاوپەیمانە دەستە ڕاستییەکان واتە مودراتەکان یان مەیانەڕەوەکان Moderat، حیزبی گەل Folkpartiet، حیزبی ناوەند Centerpartiet و حیزبی دێموکرات مەسیحیەکان Krisdemokraterna بوو. بەڵام حیزبەکانی بەرەی چەپ واتە سوسیال دێموکراتەکان Socialdemokraterna، حیزبی چەپ Vänsterpartiet و حیزبی سەوزەکان واتە Miljöpartiet لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بوون لە نێو پارلەمانی سویددا. بەڵام حیزبی سویدی دێموکرات واتە Sveriges demokraterna SD دەنگی بە هیچ لایەک نەدا، چوونکە ئەم حیزبە دژی وەرگرتنی سیاسەتی پەنابەرییە لە وڵاتی سوید و بە ئاشکرا ڕای گەیاندووە. هەر بۆیە ئەم دوو بلۆکە ئامادە نەبوون هیچ هاوکارییەکیان بکەن لە نێو پارلەمانی سویددا. هەر چەند بلۆکی ڕاست کە حکوومەتیان بەدەستەوە، بەڵام بەو جۆرەش دەنگی تەواویان بەدەست نەهێناو هەر بۆیە حکوومەتێک بوو کە دەسەڵاتی تەواوی نەبوو لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا.

لە هەڵبژاردنی ئەم ساڵیشدا واتە ١٤ ـ ٩ ـ ٢٠١٤ ئەنجام درا، حیزبە دەستی ڕاستەکان دۆڕاندیان، بەڵام بلۆکی چەپیش دەنگی زۆرینەیان بەدەست نەهێناوە. گەرچی لە سەرەتای ژماردنی دەنگەکان هەست بەوە دەکرا کە بلۆکی چەپ و سوسیالدێموکراتەکان براوە دەبن و تاکو دەنگەکانی سوسیال دێموکراتەکان گەیشتە ٣١.١٪ و حیزبی دەسەڵاتداری مودرات، مەیانەڕەو گەیشتە نزیکەی ٢٤٪. پاش جیاکردنەوەو بژاردەی دەنگەکان لە ناوەندی هەڵبژاردن ئینجا سەرۆکی حیزبەکان وتاری خۆیان پێشکەشی خەڵکی سوید کرد، لە سەروی هەمووشیانەوە کە زۆر خەڵک لایان مەبەست بوو سەرۆکی حیزبی مودرات بوو کە ناوی فریدریک ڕەینفێلد و هەشت ساڵ سەرەک وەزیرانی سوید بوو. ناوبراو لە وتارەکەی خۆیدا دانی بە دۆڕانی خۆیاندا ناو وتی: من لە ئێستا بەولاوە دەست لەکار هەڵدەگرم و دەسەڵات ڕادەستی سوسیال دێموکرات دەکەم و هیوادارم سوسیال دێموکراتەکان وڵاتی سوید باش ئیدارە بکەن. ناوبراو وتی نە هەر لە سەرۆک وەزیران دەکشمەوە بەڵکوو وتی لە بەهاریشدا دەست لە سەرۆکایەتی حیزبەکەم هەڵدەگرم و ئیتر کاری سیاسی ناکەم.

پاشان هەریەکە لە سەرۆکی حیزبەکان واتە حیزبی گەل، حیزبی ناوەند، حیزبی کریس دێموکرات، ژینگە و چەپ و سویدی دێموکرات کە حزبە ڕاسیزمەکەیە و حیزبی فمینیستەکان و سوسیال دێموکراتەکان وتاری خۆیان پێشکەش کرد و داوای سەرکەوتنیان بۆ لایەنی براوە کرد و دانیان بە دۆڕانی خۆیاندا ناو و ئەوانی تریش باسی سەرکەوتنی خۆیانیان کرد.

هەرچەند ستێفان لوێڤن Stefan Löfven سەرۆکی سوسیال دێموکراتەکان دوایین کەس بوو کە وتاری پێشکەش کرد خەڵکی چاوەڕوانی قسەکانی بوون، بە وتەکانی سەرەنجی هەموو لایەکی بۆ لای خۆی ڕاکیشاو ئەویش وەک پەیامێک بۆ حیزبە توندڕەوەکان، ناوبراو وتی بە زووترین کات حکوومەت پێک دێنن و دەستی هاوکاری و هاوپەیمانی بۆ هەر یەک لە حیزبی گەل، ناوەند و ژینگە و چەپ و تەنانەت فێمینیستەکانیش درێژ دەکەین بۆ پێکەوەنانی حکوومەتی داهاتووی سوید، بەڵام هەرگیز هاوکاری و هاوپەیمانی حیزبە توندڕەوەکان ناکەین. ناوبراو ئەوەشی وت کە بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسایەتی بەرەچاوکردنی دۆخی تازەی وڵاتەکەی بۆ ژن دەبن بە پشتیوان و بۆ هەموو سویدییەکانیش ژیانێکی ئارام و دور لە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی پیادە دەکەن و سوید بۆ هەموو کەسێك سەوز دەکەین و هەموو مرۆڤێك لە سوید دڵ پڕ هیوا دەکەین.

پاش بەڕێوە چوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سوید ئەوە دەرکەوت کە لەم هەڵبژاردنەدا هیچ حیزبێک بە تەنیا دەنگی تەواوی بە دەست نەهێناوەو ناتوانێ حکوومەت پێک بێنێ، بەڵکو دەبێ حیزبی براوە کە سوسیال دێموکراتەکانە داوای هاوکاری و هاوپەیمانی لە حیزبەکانی تر بکا. ئەوەی کە چاوڕوان دەکرێ سوسیال دێموکرات لەگەڵ حیزبی چەپ و ژینگە و فمینیستەکانن کە بۆ جاری یەکەمە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری دەکا. کەواتە سیستمی سیاسی وڵات لە بلۆکی دەستە ڕاستەوە دەگۆڕدرێت بۆ بلۆکی چەپ بە سەرپەرەستی سوسیال دێمەکراتەکانەوە. بەڵام دوایی دەرکەوت سوسیال دێموکراتەکان نایانەوێ لە پرۆسەی دەوڵەتدا چەپەکان بەشدار بن و چەپەکانیش ڕەتیان کردەوە کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەماندا بکەن و بەو جۆرە خۆیان بە ئۆپوزیسیۆن دەزانن.

لەم هەڵبژاردنانەدا پەنابەران و بەتایبەتی کوردەکانیش چالاکانە بەشداریان کرد. سەرەڕای ئەوانەش پەنابەران لە دڵەڕاوکێدا بوون کە حیزبە توندڕەوەکان سەرکەوتن بەدەست بێنن. هەرچەند حیزبە توندڕەوەکە دەنگی دوو بەرانبەری بەدەست هێناوە لە چاوی دەورەی پێشوودا واتە ١٣٪ دەنگەکانیان بەدەست هێناوە و سیاسەتی سەرەکی ئەوان دژایەتی پەنابەران و وەرگرتنی پەنابەرە، بەڵام سوسیال دێموکراتەکان ئەو دڵەڕاوکێیەی لای سەرجەم پەنابەران ڕەواندەوە وبۆ هەموو لایەکی ڕوون کردەوە کە وڵاتی سوید وڵاتی هەمووانە. ئەوەش لە بیر نەکەین کە حیزبێکی ئیسلامی کە ناوی حیزبی التحریرە کە زۆر کەس پێیان وایە لە داعشەوە نزیکە و ناوەندەکەی لە شاری ستۆکهۆڵمدایە بە لایەنگرانی وتبوو کە بایکوتی هەڵبژاردن بکەن و نابی ئەوان بە شێوەیەکی ڕۆژئاوایی بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و ئەوەش دژی سیستمی ئیسلامیە.

### ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سوید

حیزبی سۆسیال دێموکرات ٣١,٢٪ خاوەنی ١١٣ کورسی، حیزبی مۆدێرات ٢٣,٢٪ خاوەنی ٨٤ کورسی، حیزبی دێموکراتی سوید، توندڕەوەکان ١٢,٩٪ خاوەنی ٤٩ کورسی، حیزبی ژینگە «سەوزەکان» ٦,٨٪ خاوەنی ٢٤ کورسی، حیزبی سەنتەر یان ناوەند ٦,١٪ خاوەنی ٢٢ کورسی، حیزبی چەپ ٥,٧٪ خاوەنی ٢١ کورسی، حیزبی گەل ٥,٤٪ خاوەنی ١٩ کورسی، حیزبی دێموکرات مەسیحی ٤,٦٪ خاوەنی ١٧ کورسی، حیزبی فێمەنیست ٣,١٪ خاوەنی هیچ کورسییەک نییە، بەڵام بەراورد بە هەڵبژاردنی رابردوو زیاتر لە دوو پرۆسێنت یان دوو لەسەدا چۆتە پێشەوە.

پەرلەمانی سوید خاوەنی ٣٤٩ کورسییە و هەر لایەنێك سەدا چواری دەنگەکانی بەدەستهێنا ئەوە دەبێتە خاوەن کورسی. ساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمجار حیزبی سویدی دێموکرات چووە نێو پەرلەمان. ئەمجارە ٨٣,٣٪ لە خەڵکی سوید بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بەڵام ساڵی ٢٠١٠ ئەو ڕێژەیە کەمتر بوو بریتی بوو لە ٨٢,١٪

### حیزبی سویدی دێموکرات یان حیزبی توندڕەوەکان Sveriges demokraterna, SD

لێرەدا دەبێ ڕوون کردنەوەیەک باس بکەم کە ڕاستە ١٣٪ خەڵکی سوید دەنگیان بەم حیزبە داوە، بەڵام لە سێزدە لە سەدا هەمووی ڕاسیزم یان دژی پەنابەر نیە. زۆرینەی ئەو دەنگانەی کە چووە بۆ ئەم حیزبە، ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکانی مودرات، گەل و کریس دێموکراتەکان بووە، چوونکە لە ماوەی هەشت ساڵی دەسەڵاتداری بلۆکی مەیانەڕەوەکان کارێکی ئەوتۆ کە سەرەتای دەسەڵاتیان بەڵێنیان بە لاوان و ژنان دابوو کە هەموو وەک یەک چاویان لێی دەکرێ و ڕێژەی بێکاری کەم دەکرێتەوە، وەها دەر نەچوو. سەرەڕای ئەوانەش خانەنشینەکان زۆر پشت گوێ خرابوون هەلومەرجی ژیانیان زۆر سەختتر دەبوو، کۆمپانیەکان و دامودەزگای تەندروستی و کۆمەڵایەتی زۆرینەی ببونە شەخسی و خەڵکی هەژار لە هەلومەرجێکی خەراپدا بوون و سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵێکی زۆر پەنابەری خەڵکی سوریە و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان لە سوید کرد ئەو حیزبانەش بەو هەلوومەرجەیدا خەڵکی زۆریان وەردەگرت، هەر بۆیە ئەم حیزبی توندڕەوە دەنگەکانیان گەیشتە ١٣٪.

### کورد و هەڵبژاردن

لە تەواوی وڵاتی سوید نزیکەی ١٠٠ کورد خۆی بۆ شارەوانی و هەرێمەکان و نزیکەی ٢٨ کوردیش خۆیانیان بۆ پارلەمانی سوید پاڵاوتبوو. کۆمەڵێک لە کوردەکان بۆ شارەوانی و هەرێمەکان دەنگیان هێناوەتەوە و تاکو کاتی نوسینی ئەم ڕاپۆرتە بە تەواوەتی دیار نیە چەند کەسن. چوونکە دەنگەکان بە تەواوەتی نەژمێردراون. بەڵام لەو ٢٨ کوردەی کە بۆ پارلەمان خۆیانیان پاڵاوتبوو چوار کەسیان دەنگی هێناوەتەوە کە لە دەوری پێشوودا هەر لە پارلەمان دا بوون و جێگەکانیان ماوەتەوە: ١. جەبار ئەمین لە حیزبی سەوز یان ژینگە، خەڵکی باشوری کوردستان و سلێمانیە، ئامینەی کاکەباوا لە حیزبی چەپ و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆزا گوچلو لە حیزبی سوسیال دێموکرات و خەڵکی باکوری کوردستان و لاوێن ڕێدار لە حیزبی سوسیال دێموکرات کە یەکەم دەورەیە بۆ پارلەمان و خەڵکی باشوری کوردستانە. بەداخەوە شادیە حەیدەری و ئیسماعیل کامل کە دەوری پێشوو لە پارلەمان کورسیان هەبوو، ئەم دەورە دەنگیان نەهێنایەوەو کورسیەکانیان لە دەست دا.

### ئاکامی هەڵبژاردن و پێکهێنانی دەوڵەتی

بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ لە سوید دەبێ لیستی براوە ٥١٪ دەنگەکان بەدەست بێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ حکوومەتی نوێ دامەزرێنێ، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا سوسیال دێموکراتەکان لەگەڵ حیزبەکانی هاوپەیمان واتە چەپ و ژینگە پێکەوە دەنگی تەواویان بەدەست نەهێناوە و جا لە ئێستاوە خەریکی وتووێژە لەگەڵ حیزبی سەنتەر و گەل بۆ ئەوەی بتوانێ حکوومەت دامەزرێنێ. هەرچەند ستێڤان لوێڤنی بەرپرسی سوسیال دێموکراتەکان نایەوێ حیزبی چەپ لە حکومەتدا بەشدار بکا و ئەوەیە کەوتووەتە یارگیری سیاسی لەگەڵ بلۆکی میانەڕەودا. ناوبراو نایەوێ پۆستی وەزارەتیش بە حیزبی توندڕەو بداو لە حکومەتەکەیداو بەشدار بن و تەنانەت ڕایگەیاندووە کە هاوکاریان ناکا. دەبێ لوێڤن تاکو ٣٠ مانگی سێپتامبر حکومەت پێک بێنێ و ڕاپۆرتی چۆنیەتی دامەزرانی دەوڵەتی نوێ بە بەرپرسی پارلەمان بدا. هەر بۆیە ستێڤان لوێڤن لە هەلومەرجێکی دژواردایە. بۆیە بە توندی خەریکە لەگەڵ بلۆکی میانەڕەو کە لەگەڵ کامە حیزبیان هاوپەیمانی پێک بێنێ. کێشەی تر ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان بوودجەی دەوڵەت دیاری دەکەن و بۆ پاییز دەیخەنە بەردەستی پارلەمان. هەر لە ئێستاوە دەبێ لوێڤن ئەو هاوپەیمانیە پێک بێنێ بۆ ئەوەی لە پاییزدا ئەو کێشەیە لە بەردەمی خۆیدا لاببا وەک بلۆکی چەپ. سەرەڕای ئەوەش حیزبی توندڕەو بوودجەی خۆیان ئامادە دەکەن. ئەگەر هاتو حیزبەکان لە سەر بوودجە پێک نەهاتن ئەو جار قەیرانی دەوڵەت دروست دەبێ چوونکە حیزبی توندڕەو پشتیوانی هیچ لایەکیان ناکا. لەو حاڵەتدا دەبێ هەڵبژاردنی نوێ لە سوید ڕاگەیەنرێ و ئەمەش بۆ حیزبەکان زۆر گران تەواو دەبێ. لە ئێستاوە حیزبی توندڕەو داوای بەرپرسیاریەتی پارلەمان دەکا ئەگەر ببێتە هاوپەیمانی بلۆکی چەپ و سوسیال دێموکرات، ئەمەش مەحاڵە ستێڤان لوێڤن ئەم پۆستە بەوان بسپێرێ. چوونکە لەکاتی قەیرانی دەوڵەتدا، بەرپرسی پارلەمان پێشنیاری کەسێکی تر دەکا کە ببێتە سەرەک وەزیرانی سوید و دەبێ هەموو لایەک قەبووڵی بکەن. دیارە جێگری پارلەمانی سوید بۆ حیزبی توندڕەو دەبێ چوونکە سێهەمین حیزبن و ٤٩ کورسیان لە پارلەمان مسۆگەر کردووە. لە ئێستاوە چاودێرانی سیاسی هیوایان وایە کە نەگاتە قەیرانی دەوڵەت و ستێفان لوێڤن ئەو کێشەیە بە زووترین کات چارەسەر بکاو لەگەڵ حیزبەکانی تری ڕێک کەون. بەڵام کێشەکە لەوە گەورەترە کە حیزبەکانی بلۆکی مەیانەڕەو بە ئاسانی هاوپەیمانی قەبووڵ بکەن و زۆر زەحمەتیشە لەگەڵ حیزبی توندڕەو واتە SD هاوکاری پێک بێنن لەگەڵ بلۆکی چەپ، چوونکە ئەو جار دەبێ هەرچی ئەمان ویستیان ئەوان لە دەوڵەتدا جێ بە جێی بکەن و ئەمەش مەحاڵە. جارێ چاودێران سەیری بارودۆخەکە دەکەن بزانن بەرەو کوێ دەچێ و ستێفان لوێڤنیش ماوەیەکی کورتی بەدەستەوەیە و دەبێ تاکو ٣٠ سێپتامبری ٢٠١٤ خۆی یەکلایی بکاتەوە. شتێکی تر کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ ئەوەیە کە حیزبی توندڕەو ١٣٪ دەنگەکانی هێناوە و ئەمەش بەو مانایە نیە کە ١٣٪ خەڵکی سوید ڕاسیزمن چوونکە زۆرینەی ئەو کەسانە کە دەنگیان داوە بە حیزبی توندڕەو لە ڕاستیدا ڕاسیزم نین. هەر بۆیە ئەم حیزبە نوێیە و لە ڕاستیدا قسەی دڵی زۆرینەی خەڵک دەکا و ڕاستیەکان باس دەکەن. بەڵام بە وتەی زۆرینەی ئەوانەی کە دەنگیان بە حیزبی توندڕەو داوە دەڵێن حزبی توندڕەو ڕاستیەکان دەڵێن و ترسیان لە هیچ لایەنێک نیە بەتایبەتی پرسی پەنابەری و پەنابەر وەرگرتن. هەرچەند حیزبەکانی تری ئەوە دەزانن بەڵام ناوێرن خۆیان لە قەرەی ئەو پرسە بدەن نەوەکو بەرچەسپی ڕاسیزمیان لێی بدەن. بەڵام ئەمان ڕاستیەکان دەخەنە بەردەستی خەڵک و هەر بۆیە خەڵک دەنگیان پێی دەدا. ڕەنگە لە دەوری داهاتوودا ببن بە حیزبی دووهەمی سوید یان لە پارلەمان دەرچن.

سوید ـ ستۆکهۆڵم
١٩ ـ ٩ ـ
٢٠١٤




## جووت حەوت

### هەوراز

ـ حاج قاسمێك هەیە کە بەپێی باوەڕی باوەڕداران، لە هەموو شوێنێك هەیە و لە هیچ کوێیەك نیە. ئەوان وەك خودای دەبینن، بەڵام ئەوەندەی من لە بیرم بێت کاراکتەری وەها زیاتر لە پاڵەوانەکەی کارتۆنی "زبل‌خان" دەچێت کە لە هەموو شوێنێك هەبوو، بەڵام لە هیچ شوێنیکیش سەرکەتوو نەبوو. هەڵبەت تایبەتمەندیی گرینگی زبل‌خان کە زیاتر ببووە هۆی ناوبانگی قارەمانیەتیی، ئەوە بوو کە لە کۆتایی هەر شکستێکدا خۆی بە براوە دەزانی و خۆی بۆ سەرکەوتنی داهاتوو!!! ئامادە دەکرد. سەرکەوتنی قاسمیش زیاتر لەوەی کە لە سەر ئەرزی واقیع بێت، لە نێو مێشکی سۆفیلکەکانی ئەم دیوی چیادایە کە پێیان وایە زەقکردنەوەی حاج قاسم و سەرکەوتنە خەیاڵییەکانی، تەنانەت ئەگەر درۆش بێت، کەشکۆڵی سواڵی ئەوان پڕ دەکات لە نان و هەنگوین. کەرامەتی گەورەی دیکەی حاجی ئەوەیە کە بە خوێن و گیانی سۆفیلکەکانی شەڕ دەکات، بەڵام ناوبانگی شەڕەکان دەبات بۆ خۆی و ٧٠ جندۆکەی جەمارانی کە لە شەڕەکاندا کەس نایانبینێت و هەر ئەوەندەی ڕۆڵی "دیەگۆ مارادۆنا" لە شەڕی چالدۆران کاریگەرییان هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا دەڵێ هێندەی مارادۆنای جامی جیهانیی فووتباڵی ١٩٨٦ دەورم گێڕاوە، مامە سۆفییەکانیش ڕیشیان بۆی دەلەرێننەوە و دەڵێن شێخم نەمایە وابوو!

لێرەدا مەسەلەی گرینگ ئەوە نیە کە موعجیزەکانی قاسم و ٧٠ جندۆکەکەی ڕاستن یان درۆ؟، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە فارس گوتەنی "علف به دهن بزی شیرین است".

ـ ئەگەر لە بیرتان بێت، بڕیار بوو مەلا حەسەن ڕووحانی ئاوی گۆلی خەزەر بە کەوچك بگوازێتەوە بۆ گۆلی ورمێ و لەوێ ئاوی زەل بدات. ئێستا کە تەپوتۆزی هەڵبژاردن تاڕادەیەك نیشتۆتەوە، ئاشکرا بووە کە کێشە لە نەبوونی بارانە و پێویست بە کەوچك ناکات، بەڵکوو دەبێ نوێژی باران بخوێنرێت. هەڵبەت خوێندیان، بەڵام سوودی نەبوو. هەربۆیە ئەحمەد خاتەمی دەڵێ:" مەسەلەی حیجاب بۆتە هۆی بی ئاکامبوونی نوێژی باران". واتە ئەگەر لە کاتی نوێژەکەدا قژی ژنێکی ئێرانی لە شوێنێکی ئەم دنیایەدا بە دەرەوە بێت، نوێژەکە تا سەربانی مزگەوتیش بڕ ناکات، کەواتە هەورەکانیش ئاوس نابن.

بەڵام حیجاب و نوێژیش بە تەنیا بەس نین و بە وتەی هەمان ئەحمەد خاتەمی "خەڵك دەبێ ڕۆژووش بگرن و شین و شەپۆڕیش بکەن" (تێبینی: هێشتا باسی قوڕپێوان لە ئارادا نیە. ئەوە کارتی براوەی ڕۆژی تەنگانەیە). بەڵام بە باوەڕی ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی "هۆکاری وشکەساڵی و نەبوونی باران و شوێندانەر نەبوونی دۆعای باران، زیاتربوونی گوناحە" کێشەکە بەوەش چارەسەر نابێت، چوونکە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئایەتوڵڵا کازم سدیقی "لە وڵاتێکدا کە خەڵك ڕۆژانە شەهید نەدەن، باران ناباریێت ".

بەڵام ئەگەر خەڵك دان بە خۆیاندا بگرن و هیچ گوناحێك نەکەن، ژن و پیاویان خۆیان لە لێفێکدا بپێچنەوە و هیچیان دیار نەبێت، ڕێژەی پێوانەیی شین و گریانیش بۆ خۆیان تۆمار بکەن و هەرچۆنێك بووە ڕۆژانە شەهیدێکیش بدەن، گەلۆ باران دەبارێ؟ لێرەدایە کە ئایەتوڵڵا حائیریی یەزدی گوتوویە" ئەگەر منی تەڵەبە بڵێم یاسای چەك و یاسای بانکداری و هەڵسوکەوتی باڵی ئیسلاحخواز و ئوسوولگرا بوونەتە هۆی وشکەساڵی، گەلۆ قسەیەکی گەمژانەم کردووە؟" کە دەزانین نەیکردووە. ئاخوند و قسەی گەمژانە کوجا مەرحەبا؟.

ئەوە تەنیا بۆچوونی ئاخوندەکان نیە، بەڵکو بەڵگەی زانستیشی لە پشتە. بۆ نموونە سەرۆکی ڕێکخراوی کەشناسیی ئێران لە ڕەشەمەی ١٣٨٦دا داوای لە ئاخوندەکان کردبوو بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی باران نوێژ بخوێنن، هەروەها وەزیری وزە داوای لە خەڵك کردبوو نوێژی باران بخوێنن. لە لایەکی دیکەوە حەیدەرزادە، کارگێڕی گشتیی ژینگەی پارێزگای تاران لە دووتوێی نامەیەکدا بۆ نەقەوی، سەرۆکی شووڕای سیاسەتدانانی ئیمام جومعەکان، بە فەرمی داوای لێ کردبوو بە نوێژ خوێندن یارمەتیی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ئێران بدەن.

ئەمانە قسەی بەر تەنوور نین، عیلمیان لە پشتە. بۆ نموونە، لە بریتانیا یان برزیل بە هۆی شەهیدبوونی ڕۆژانەی خەڵك لە بەرەکانی شەڕی ئایینیدا و لە ماڵ دەر نەکەوتنی ژنان و شین و ڕۆڕۆی تۆنی بلێر و دەیڤید کامێرۆن لە بەر خۆفی خوا و نوێژی بارانی کچۆڵە برزیلییەکان (کە بە هەڵە پێی دەڵێن هەڵپەڕکێی سامبا)... باران بەخوڕ دەبارێت، بەڵام لە ئێران و سۆماڵی و عێراق و ئەفغانستان بەهۆی نەبوونی هەل و دەرفەتی شەهیدبوون، شادبوونی لە ڕادەبەدەر و سەرخۆشیی وەخت و ناوەخت و هەروەها نوێژ نەکردنی خەڵك و بێ حیجابیی ژنان و زۆر شتی دیکە ئاسمانی لە بارین گرتووە و ئێمەش بەو هەموو تەقوا و عیلم و حیلم و زوهد و خواناسییە، بەو خەڵکە خوانەناس و بێ‌باوەڕەوە سووتاوین.

# خەرجکردن بۆ مامۆستایان دەسمایەیە بۆ پاشەڕۆژ




**حەسەن ساڵحزادە**

"خەرجکردن بۆ مامۆستایان دەسمایەیە بۆ پاشەڕۆژ"، ئەمە دروشمی ئەمساڵی ڕێکخراوەی جیهانی فێرکارییە کە ڕۆژی ٥ ئۆکتۆبر وەکوو ڕۆژی جیهانی مامۆستایان و وانەبێژانی دیاریکردووە. ساڵی ١٩٩٤ لە دانیشتنی وەزیرانی پەروەردەی وڵاتانی ئەندام لە یونسکۆ، ڕۆژی ٥ ئۆکتۆبری وەکوو ڕۆژی مامۆستایان دیاریکرا تا بەو بۆنەوە ئاستی چۆنایەتی فێرکاری بەرز بێتەوە و کۆمەڵگا بایەخ و بەهای پێویست بە وانەبێژان بدا. لەوکاتەوە دەوڵەتەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەندام لە هەمبەر ئەم هەڵوێستەی یونسکۆ خۆیان بە بەرپرس دەزانن و بە مەبەستی پێڕاگەیشتنی گونجاوتر بە پرسی خوێندن، ئاوڕی جیدییان لە ژیانی مامۆستایانی خۆیان داوەتەوە. بە ڕای لێزانانی بواری پەروەردە، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی مامۆستایان کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لە سەر چۆنایەتی وانە وتنەوە هەیە. پەروەردە و فێرکردن لە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا لە نێوان دوو جەمسەری مامۆستا و قوتابیدا بە ئامانجی گەشەی هەمەلایەنەی کەسایەتی مرۆڤ، هەڵسوکەوتێکی مانادارە و دەبێ بە وردی لێی بڕوانین. لەم پێوەندییەدا کۆمەڵی مامۆستایان لە نێو ڕۆژمێری ئەمڕۆی ئێراندا وەکوو یەکێك لە جەمسەرەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ڕۆژی ١٢ بانەمەڕدا ڕەنگ دەداتەوە. ڕێوڕەسمی ڕۆژی مامۆستا لە حاڵێکدا لە ئێران بەڕێوە دەچێ، کە کەش و هەوای ناسالمی دەسەڵات هەتا دێ زیاتر بە سەر پەروەردەدا زاڵ دەبێ. لە ئاکامی ئەم دۆخەدا گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مامۆستایان، نەبوونی ئەمنیەتی پیشەیی و گوشار و چاودێری ناڕەوا بۆ سەر کۆڕ وکۆبوونەوەکانیان لە پەرەسەندندایە. دەستێوەردانی بێ جێی بیرۆکەی دەسەڵات لە مەڕ دیاریکردنی خەت و نیشان بۆ کتێبە دەرسییەکان، ناچارکردنی وانەبێژان بۆ وتنەوەی کتێب گەلێك بە ناوەرۆکی کۆن و بێ کەڵك، خستنە ژێر پێی یاساکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و تەنانەت یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ وەرگرتنی پارەی زۆرەملی لە قوتابیان، زیادکردنی بێ هۆی فێرگە نادەوڵەتییەکان، دۆخی ڕووخێنەری بینای خوێندنگەکان و کەمی کەڵ و پەلی قوتابی، گۆڕینی ناکارناسانەی سیستەمی پەروەردە و بەرنامەی ناسەردەمیانەی هاتوچۆی قوتابیان، بەشێکی بچووکی ئەو پرسیارانەن کە دەبێ دەسەڵاتدارانی پێوەندیدار بە سیستەمی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەڵامیان بدەنەوە.

دەوڵەتی ئێران لە کاتێکدا باسی پرسی بردنە سەرەوەی بووجەی وەزارەتی پەروەردە دەکا، کە زیاتر لە ٩٥٪ ئەم بووجەیە سەرفی مووچەی پێرسونێلی وەزارەتەکەی دەبێ و لە ئاکامدا شتێك بە ناوی دەسمایە بۆ داهاتوو نامێنێتەوە. بەو حاڵەش ڕادەی مووچەی پێرسونێلی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ ڕادەی بەرزبوونەوەی ئاوسان یەك ناگرێتەوە. زۆربەی مامۆستایان و وانەبێژان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. مەگەر تاقمێك لە مامۆستایان کە لە ڕێگەی کاری دەستی دوو و سێوە ژیانێکی مەمرە و مەژی بۆ خۆیان دەستەبەرکردبێ. بەپێی پێوەرە ستاندارده جیهانییەکان وەختی ئازادی مامۆستایان بۆ ئەوە تەرخانکراوە کە لەوێدا بتوانن زانیاری زیاتر و تێکنۆلۆژی نوێی ڕۆژ فێر ببن و بۆ کلاسەکانی وانەوتنەوەی بگۆزنەوە. بەڵام مخابن مامۆستایانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لەم هەلە کەڵکی شەخسی وەردەگرن و بۆ گۆڕینی ژیانی باشتر و پێڕاگەیشتن بە ماڵ و خێزانیان، ڕێگەی بازار و کاسبی ناشیاو دەگرنە بەر. ئەگەر دامەزراوەیەکی بە هێزی وەك وەزارەتی پەروەرەی ئێران سەرەڕای توانایی، بەو بیرۆکەوە بجووڵێتەوە کە ئامانجی لە پێدانی مووچەی پێرسونێل تەنها بەرگری کردنە لە مردن، دەزگایەکی چەوسێنەرە و بێجگە لە دابینکردنی لانیکەمی حەقدەست ئەرکی مرۆیی خۆی بە ئەنجام نەگەیاندووە. لە ڕوانگەی وەها سیستەمێکدا فێرگە دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنان و فێرکاریش تەنها بیر لە وەرگرتنی لانیکەمی حەقدەستەکەی دەکاتەوە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتە ناشیاوەدا پێوەندی قوتابی و مامۆستا دەبێتە پێوەندییەکی میکانیکی و کۆمەڵێك دیاردەی ناحەز و توندوتیژ بە دوای خۆیدا دێنێ کە قەرەبوو کردنەوەیان لە دواڕۆژدا کارێکی سانا نیە. ڕاستە کە ویست و داخوازی مامۆستایان تەنها لە ڕێگەی پێکهاتە و ناوەندە پێشەییەکانەوە دەستەبەر دەبێ، بەڵام تا ئێستاش مامۆستایان و وانەبێژانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بە هۆی گوشار و زەختی ترسنۆکانەی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بوونی ڕێکخراوەیەکی سەراسەری و سەربەخۆ و بەردەوام بێبەش بوون. هەر وەکوو دەبینین بەو حاڵەش چەرخی خەباتی ڕەوای مامۆستایان لەمەڕ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان لە گەڕ نەکەوتووە. هەر لەم ڕێبازەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی دەروەست و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان ڕووبەڕووی سزای قورسی سێدارە، زیندان، ئەشکەنجە، وەدەرنان، دوور خرانەوە و هتد بوونەتەوە. لە کۆتاییدا، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان وکارنامەی چەند ساڵەی دەزگای پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەریدەخەن کە داهاتووی مامۆستایان و قوتابیانی ئەمساڵی ئێمەش وەك ساڵانی ڕابردوو دەبێتە قوربانی ئیدئۆلۆژیکی ناسەردەمیانەی تاقمێك بەرپرسی بەرژەوەندیخواز و هیچ هیوایەك بەدی ناکرێ کە ئەوان ، ڕێنوێنی و بەیاننامەکانی ڕێکخراوی جیهانیی مامۆستایان ڕەچاو بکەن یان ڕێزیان بۆ دابنێن. ئەگەرچی وەزیری پەروەردەی وەختی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێك لە دانیشتوان و واژۆکەرانی کۆبوونەوەی ناودێرکردنی ڕۆژی مامۆستایان واتە ٥ ئۆکتۆبر بوو، بەڵام بەپێی ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆیان، بە گەڕانەوەیان بۆ تارانی گەرم و نەرمی پایتەخت، ڕۆژی مامۆستایان و ئامانجەکانی یۆنسکویان بۆ هەمیشە لە بیر کرد.

# ستراتژی سەرەکی ئێمە لە سووریا . ژێر ڕکێف خستن . لەگەڵ...

**ن: چارلز کراوت هایمر**

**و: کەیهان یووسفی**

درەنگ، دوڕدۆنگ و نابەدڵ، لە کۆتاییدا پرێزیدێنت ئۆباما دەستی کرد بە جێەجێکردنی ستراتژییەکی کردەیی دژی دەوڵەتی ئیسلامی. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئۆباما، بیرۆڕای گشتی پاڵی پێوەنا بۆ ئەوێ. ئایا کەسێك وێنای دەکرد کە بە بێ بڵاوبوونەوەی سەربڕینەکان، ئێمە دەمانویست کە شتێك زیاتر لەو بۆردمانە سنووردارانەکان لە عێراق ئەنجام بدەین؟

ئەگەر ئۆباما بتوانێت لە نێوان هەوراز و نشێوی داهاتووی داخوازییەکانی بیروڕای گشتیدا، نەگۆڕ بمێنێتەوە، ڕەنگە ستراتژییەکەی سەرکەوتوو بێت.

بەڵام سەرکەوتن ناتوانێت هەر ئەوە بێت کە ئەو لە بیروڕای گشتیدا باسی دەکات و ڕایدەگەینێت. ئەم ستراتژییە ناتوانێت دەوڵەتی ئیسلامی لە نێو ببات. ئەم ستراتژییە لە کۆتاییدا دەتوانێت جیهادییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان لە عێراق و هەروەها سووریەش وەدەر بنێت.

پلانی شەڕ لە عێراق بێ هەڵەیە. کوردەکان دەیانهەوێت شەڕ بکەن، بەڵام نە لە دەرەوەی خاکی خۆیان. هێرشە چڕە ئاسمانیەکان دەتوانێ یارمەیتدەری ئەوان بێت لە وەرگرتنەوەی ئەو شوێنانەی داعش دەستی بە سەردا گرتوون و بەشێکی ئەو شوێنانەش کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا نەبووە. بەڵام ئەوان خوازیاری هەناردنی هێزی هەر کەسێك نین.

نابێت چاوەڕوانیەکی زۆرمان لە شیعەکانی عێراق هەبێت. ڕاوێژکارانی ئامریکایی بە ڕاهێنانێکی بە هێز و سنووورداری هێزە تایبەتەکانی عێراقی دەتوانن پێشکەوتنێکی کەم وەدەست بخەن.

بەڵام ئێمە ناتوانین یاسایەك لە سەر سوپای عێراقی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی شیعە کە گەندەڵ و بێ وڕەن، بسەپێنین.

پۆتانسیلی سەرەکی بۆ ئێمە هاوپەیمانی ئێمەیە لەگەڵ عەشیرە عەرەبە سوننەکان. ئێمە دەتوانین ئەوان هان بدەین کە بۆ جاری دووهەم پەیوەست بە ئێمە بن، وەکوو ئەوەیکە لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ دژی جیهادییەکان ئەنجامیان دا.

ساڵی ٢٠١١ ئێمە ئەوانمان بە جێهێشت و ئێمە ناتوانین بە ئاسانی هاوپەیمانی ئەوان بە دەست بێنینەوە. بەڵام ئەمە زۆر پێویستە. نیشانەی باشی دروستکردنی سوپایەکی نەتەوەیی سوننە، ئەوەیە کە نەوەی نوێی کوڕانی عێراقی لەگەڵ ئێمە بۆ دەرکردنی القاعیدە لە عێراق، کە لە پارێزگای الانبار زیندوو بوونەتەوە، شەڕ دەکەن. تەنیا ئەوانن کە دەتوانن پاشەکشە بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بکەن. وە بە دڵنیاییەوە تەنیا ئەوانن کە دەتوانن دیسانەوە وڵات وخاکی خۆیان بە دەست بێننەوە و بیپارێزن.

سووریە بابەتێکی دیکەیە. بەم ستراتژییەی ئێمە، شێرپەنجەکە دەتوانێت بمێنێتەوە. لە سووریە هێزی ئاسمانی بە بێ پشتیوانی هێزی زەمینی بوونی هەیە. هیچ کام لە هاوپەیمانانی بیانیی ئۆباما نایانهەوێت بەشداری لە شەڕێکی زەمینیدا بکەن.

ڕەنگە تورکیە ڕۆژێك بیهەوێت ئەم کارە بکات. بەڵام سەرۆك کۆماری ئیسلامیستی ئەم وڵاتە، ڕەجەب تەیب ئۆردوغان تەنیا پەیوەست بوون بە هاوپەیمانی بۆ هێرشی ئاسمانی ڕەت نەکردەوە. ئەو داخوازی ئێمە بۆ کەڵك وەرگرتن لە بنکە سەربازییە ئاسمانیەکانی ئەم وڵاتەشی ڕەت کردەوە.

ئەگەرچی ئێمە سوپای ئازادی سووریەمان بەجێهێشت بەڵام ئۆباما لە کۆتاییدا بۆ ڕاهێنان و پڕچەك کردنی سۆپای ئازادی سووریە گەڕایەوە. بەڵام زۆر درەنگە و ژمارەی ئەوانیش زۆر کەم. دەوڵەت دەڵێت کە ڕاهێنانی ئەم هێزانە بۆ گۆڕەپانی شەڕ یەك ساڵ درێژە دەکێشێت. تەنانەت ئەوان تەنیا نزیکەی ٥٠٠٠ کەسن. بە پێی قسەکانی ڕابردوو، دەوڵەتی ئیسلامی نزیکەی ٣٠ هەزار ئەندامی شەڕکەر و بەهێز و لە حاڵی گەشەی هەیە.




نە ئەویکە هێزی ئاسمانی هیچ قازانجێکی نەبێت. هێزی ئاسمانی دەتوانێت ئەوان تێك بدات و ئیزۆلەیان بکات. ئەگەر ئەم کارە بە شێوەی پێویست و سیستماتیك بەڕێوە بچێت دەتوانێت دامەزراوەکان، گەشە سەندن، ئاسایش و داهاتەماڵیەکانی ئەوان تووشی خەسار بکات و پاشەکشەیان پێ بکات و بیانکاتە هێزگەلێکی چریکی هەمیشە لە حاڵی هەڵاتندا.

ئەمە چ جۆر ستراتژییەکە؟ فۆرمێکی پوختتر و هێرشبەرانەترە لە ستراتژی جۆرج کەنان لە یەکیەتی سۆڤیەتی کۆمۆنیست. ڕاگرتنی ئەوان، لە ژێر گوشار دانان و لە کۆتاییدا شکست دانیان لە ڕێگەی دژوازی و ناڕزایەتیە نێوخۆییەکانی خۆیانەوە. هەر ئەو جۆرەی کە دەیوید مۆتادێل مێژووزان ئاماژەی پێ دەدات کە ڕێژیمە جیهادییەکان دەگەڕێنەوە بۆ دوو سەدەی ڕابردوو کە وەحشیگەری، بەربەریزم، دڕندایەتی و توندوتیژیە بێ سنوورەکانی خۆیان لە نێو خۆیان و لە ڕێگەی یاساکانی خۆیانەوە بەرهەم دێنن.

ئەو شتەی کە تەنیا ٨ ساڵ لەمەوبەر و لە ژێر ناوی ڕابوون لە الانبار شکڵی گرت و القاعدەی عێراق لەوێ سەری دەرهێنا.

حکومەتی توندئاژۆی مێهدی لە سوودان لە ساڵەکانی ١٨٨٠ و ٩٠ی زایینی زۆر سەرکەوتوو نەبوو. بەو جۆرەی کە مۆتادێل ئاماژەی پێ دەدات، نیوەی حەشیمەتی سوودان لە برسیەتی، نەخۆشی و توندوتیژیدا مردن و ئەمەش پێش لە لە ناوچوونی هێزەکانی مێهدی لە شاری ئۆم دورمان[1] یەکێك لە شارە گەورەکانی سوودان بە دەستی بریتانیایەکان بوو.

یان ئەو چەمك و دەستەواژەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی هەنووکەیدا بوونی هەیە، ئەمە چەشنێك لە پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە تێکەڵاوێك لە پاشەکشەکردن و سنووردارکردن لە خۆ دەگرێت، ئەو شتەی کە ئیسرائیلیەکان بە سەرکەوتوویی و لە ماوەی حەوت دەیەی ڕابردوودا لە بەرانبەر سەرهەڵهێنانی تیرۆریزم لە قوناغگەلی جیاواز و شوێنگەلی جیاواز و بە ئایدۆلۆژیگەلی جیاوازەوە جێبەجێیان کردووە. ئەمە زەربەیەکی تەواوکەر و کۆتایی هێنان بە گشت ئەوانە نیە.

ئیسرائیلەکان دەرگیر دەبن، لە پشوودانێك چێژ وەردەگرن و دیسانەوە دەرگیر دەبنەوە. ئەم هێرشە بەردەوامانە تەنزێکی تاڵی لەگەڵ خۆی دروستکردووە کە ئیسرائیلیەکان پێی دەڵێن" چیمەن بڕی". ئەوان دەزانن کە ڕەنگە ڕۆژی کۆتایی بێت بەڵام بە داخەوە کە ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە. ئیسرائیلیەکان ئەمەیان قبووڵکردووە و بە دوای ژیانی خۆیانەوەن.

وتەکانی ئۆباما ڕاست و سادقانە بوو کە وتی ئەم شەڕە ساڵانێك درێژە دەکێشێت. ئەمە خەباتی نەوەکانە. ئەم شەڕە وەکوو شەڕی سوودان نیە کە لە ساڵی ١٨٩٨ ڕووی دا. ئەمە "ئۆم دوورمان" نیە کە جیهادیزم بۆ زیاتر لە یەك سەدە شکست بخوات.

هەنووکە جیهادیزم، دیاردەیەکی جیهانییە، دامەزراوەی ماڵی و ئایینی ئەوان لە هەموو شوێنێك بوونی هەیە و بنەچەکانی ئایینی ئەوان لە گشت جیهان و لە نێو زیاتر لە یەك میلیارد کەسدا جێگیر کراوە.

ئێمە لە سەر توولە ڕێگایەکی درێژ، دژوار و سەخت هەنگاو دەنین، بێ شك ستراتژی پاشەکشە و ژێر ڕکێف خستن بەم چەشنە لە درێژماوەدا زۆر تاقەت پڕۆکێنە.

ژێر ڕکێف خستن لەگەڵ...، ئەمە باشترین ستراتژییە کە لە بەردەستمان دایە. ئۆباما دەبێت هەنووکە دەری بخات کە پێداگرە لە سەر کردەیی کردنی.

سەرچاوە:
http://www.
washingtonpost.com

١. ئۆم دورمان یەکێك لە شارە گەورەکانی سوودانە.

# پارناسەکان و ڕەوتی ئەدەبیی هونەر بۆ هونەر

■ ئا: جەماڵ فەتحی

ساڵەکانی ١٨١٤تا١٨٣٠ی زایینی لە فەرانسە بنەماڵەی (بووربون) کە پاش ناپلئون دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و بە سەردەمی ڕستوراسیون ناسراو بوون، گۆڕانکاریگەلێان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجامدا. لەم سەردەمە کە ڕەوتی ڕۆمانتیسم بەسەر ئەدەبیاتی فەرانسەدا زاڵ ببوو بە هۆی شۆڕش و گۆڕانکارییەکان و دوور کەوتنەوەی خەڵك لە بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ڕابردوو ئەم شێوازە ئەدەبییە ڕووی لە نەمان و لە نێو چوون کرد و جێگای خۆی بە ڕەوتەکانی دیکە وەکوو ڕیئالیسم و ناتورالیسم بەخشی، هێندێ لە زانا و وێژەوان، شاعێر و نووسەرەکانی بەرەو هونەری بە کەڵك (L,art utile) هان دەدا واتە دەبێ بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگا و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا بێت. بەهێزترین ئەم باوەڕە ئەدەبییە دەستەی "شوێنکەوتووانی سن سیموون"بوون، ئەم دەستە کە هێندێ لە ڕۆمانتیك و کلاسیکەکانیان لەگەڵ بوو داوایان لە ڕۆشنبیران دەکرد بۆ باشتر بوونی ژیانی خەڵك هەنگاو هەڵگرن و نووسراوەکانیان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێت. تەواوی شاعێران و نووسەرانی ڕۆمانتیك جگە لە ویکتۆرهۆگۆ کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم بیرۆکە ئەدەبییە،ویکتۆرهۆگۆ کە پێشتر بڕوای بە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان هەبوو و بە هونەرمەندی کۆمەڵایەتی دەناسرا لە ساڵی ١٨٢٩دا لە نووسراوەی "شەرقیات"ی خۆیدا گرنگییەکی زۆری بە ڕواڵەتی شێعر و کێش و قافیە داوە و سەربەخۆیی لە شێعردا بە مافی سەرەکیی شاعێر دەزانێ. ڕستەی (هونەر بۆ هونەر) لە هەمان ساڵدا لە لایەن هۆگۆ هاتە ئاراوە و چەندین شاعێرو نیگارکێش و پەیکەرتاشی لاو لە دەوری کۆبوونەوە و پێشەکییەکەی شەرقیاتی ئەم هونەرمەندەیان وەك کتێبێکی پیرۆزی هونەر دەناسی و بڕوایان بە هونەری بەکەڵك نەبوو و پێیان وابوو ئەگەر هونەر لە خزمەتی بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت لە ئاستی جوانییەکانی کەم دەبێتەوە. یەکێك لەم لاوانە کە لە بۆچوونی هۆگۆ داکۆکی دەکرد و باوەڕی بە شێعری پەتی و نامۆ لە بابەتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان هەبوو،"تئوفیل گۆتیە"و "تئودوردوبانویل"بوون کە ئەم دونیایەیان بە تیاتر و مرۆڤیشیان بە ئەکتەری تیاترەکە دەشوبهاند کە دەورگێڕان و ڕواڵەتی ئەکتەرەکان زیاتر لە هەستەکانیان گرنگی هەبوو.ئەم شێوازە بیرکردنەوە سەبارەت بە هونەر و شێعرلە ساڵی ١٨٦٠ ململانی و لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاوی لە ئەدەبیات بەدی هێنا و کۆمەڵێ لاو بە دژی ڕۆمانتیسم هەڵوێستییان گرت و لە ژێر کاریگەریی "هونەر بۆ هونەر" کۆڕێکی ئەدەبییان پێك هێنا. "لوکێنت دولیل" کە توانیبووی تیشك بخاتە سەربیروڕای دەوروبەرانی خۆی یەکێك لە نوێنەرە بەرجەستەکانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە بوو، لە ساڵی ١٨٦٦بەرهەمەکانی ئەم شاعێرانە بە ناوی"پارناسی هاوچەرخ" (وشەی پارناس ناوی کێوێکی ئەفسانەییە لە یونان کە خواوەندی شێعر لە وێ نیشتەجێ بووە) کۆکرایەوە و دەرکەوت کە پارناسیەکان نەبوونە خاوەن مامۆستایانێکی دەرکەوتوو بەڵام بۆ پاراستنی ئەم ڕەوتە (رێچکەی سەقامگیرە) کەوتە بەر دەست خوێنەران و بە هۆی سەرنجڕاکشانیان بۆ دووهەمین و سێهەمین جاریش چاپ کرانەوە، بەرەبەرە ئەم شاعێرانە بە پارناسەکان ناوبانگیان دەرکرد و یەکێ لە ڕەخنەگرانی ئەم ڕەوتە بە ناوی "ئاندرە تریووەك"بۆ یەکەمجار وشەی پارناسیسمی بۆئەو کۆمەڵە شاعێرە بەکار هێنا. بە بڕوای پارناسەکان شێعر هێمایەکە لە ڕۆحی مرۆڤێ کە هەستەکانی لە خۆیدا کوشتبێت، پارناس دژ بە ڕۆمانتیك ڕاوەستاوە و بە گشتی لەهەمبەر هەرجۆرە شێعرێکی خاوەن ئەندیشە و سوبژکتیو دژایەتی دەکرد و بۆ شێعرێك کە ناوەرۆکی ئاوات و سکاڵایی هەبێت هیچ بایەخێ دانانێ، شێعر دەبێت تەنیا لە خزمەت هونەر بێت و لە ڕوانگەی ئەم شاعێرانەوە شێعر دەبێت ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت (١. پوختەیی ڕواڵەت چ لە بواری دەربڕینەوە چ لە شێوەی هەڵبژاردنی وشەکانەوە.٢. تێکەڵ نەبوون لەگەڵ هەستەکان و بایەخ نەدان بە ئامانج ٣. جوانی وشە کۆتایی شێعر(قافییە)٤. پەیڕەوی لە مەکتەبی هونەر بۆ هونەر). لوکینت دولیل کە وڵاتی یونانی بە دوایین وڵاتی خۆی دەزانی و لە هۆگرانی هۆمرۆ سوفوکول وهوراس بوو بڕوای وابوو جوانی شێعر لە ڕۆحی ئارامی شاعێر و دێڕە موسیقاییەکانی دەروونیی شێعرهەڵدەقوڵێ، بە بڕوای ئەو هەموو شتێك لە خەون و خەیاڵ و هەڵکەوتەکانی ژیان سەرچاوە دەگرێ و هیچ شتێك بوونی نییە تەنانەت خوا، تەنیا مەرگ هەیە. کۆی ئەم باوەڕانە بووە هۆی کەمتەرخەمی بە دەوروبەری و بێ باوەڕییەکی توند لە هەمبەر ئایین، پاش دولیل بە هێزترین شاعێری ئەم مەکتەبە "ژوزە ماریادوهردیا" بوو کە زیاتر شوێنکەوتووی " تئو فیل گوتیە" بوو، شێعری "ژوزە" هێندە پرشنگدارە، کە هەست دەکەی زێڕی جوانکاری لەسەر کراوە و بابەتە مێژووییەکان بە شێوەییەکی خەیاڵاوی لە سەر شریت تۆمارکراوە. بە گشتی پارناسەکان شوێنهەڵگری بیری کەسانێ وەکوو ویکتۆر هۆگۆ بوون کە پاش ١٨٣٠زایینی بە هۆی شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێوازی ئەدەبی هونەر بۆ هونەر و پارناسیسم لە فەرانسە ودەوروبەری سەری هەڵدا و کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی سەردەمی خۆی دانا.





## ئاوێزە



● بەهار حسێنی

بەهار حسێنی ٣ی جۆزەردانی ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٨٣ی زایینی، لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سەقز بڕیوە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان وئەدەبی فارسی هەر لەو شارە بەدەست هێناوە. بەهار حسێنی براوەی خەڵاتی یەکەمی شێعرە لە فێستیڤاڵی "کەڤاڵ" کە لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو و هەروەها خەڵاتی سێیەمی "فێستیڤاڵی شێعر"ی ڕانیەی پێ بەخشراوە. بڕوانامەی وێنەگریی لە "سینەما لاوانی" ئێرانی وەرگرتووە. خەڵاتی "هاندان"ی لە فێستیڤاڵی دەقی شانۆنامەی کوردی لە دیاربەکر پێ‌بەخشراوە و براوەی خەڵاتی دووهەمە لە فێستیڤاڵی "چیرۆکانەی سپی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەهار حسێنی بە دوو تابلۆی نیگارکێشی، بەشداریی لە پیشانگایەکی هاوبەشی نیگارکێشیدا کردووە کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چووە و خەڵاتی ڕێزلێنانی لەو بوارەدا وەرگرتووە. خاوەنی چەندین وەرگێڕانە لە بواری کورتە چیرۆکدا کە هەندێکیان لە ڕۆژنامەی ئاسۆ لە سنە چاپ کراون و کتێبێکی منداڵانیشی بە نێوی "کۆڕێك بە ڕەنگی شەو" لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە ئامادەی چاپە . هەروەها کۆمەڵە شێعرکیشی بە نێوی"فریشتەیەك لە جانتادا" کە هەڵبژاردەیەکە لە شێعرەکانی خۆی، ئامادەی چاپ کردووە. بەهار حسێنی چالاکییەکانی خۆی لە بوارەکانی شێعر و نیگار کێشی و وەرگێڕان و نووسینی دەقی شانۆنامەییدا چڕ کردۆتەوە.



# دەنگی شێرکۆ

هەتا "باران نمەنمە گوڵ بنووسێ"،
تا بەفری خەم کلو کلو قژی شێعرم بۆ مش بکات
هەتا ژانی سووژنی دووکەڵی ئەنفال
لە چاوی هەر گوندێك مابێ
تا دەنکە زیخێکی چاوتەڕ
لە فرمێسکی کانیلەیەك بەجێمابێ
هەتا دەنکە مووروی شینی وشەی زێڕین
بە گەردنی بەرزی ژنە قەسیدێکەوە چنرابێ،
هەتا ئاسمان کراسی شینی لەبەردا بێ
هەتا مرۆڤ ژانی عشقی لە سەردا بێ
دەنگی شێرکۆ سەوزی سەوزە،
شێعری شێرکۆ شینی شینە

هەتا قەڵەمی ڕیشن و ڕەشنووسی قینباری قانوون
لە سەر کاغەزی بەفرینی بەژنی ژن
شەقەی شەلاقی بنووسێ،
تا حەمە بچکۆلی بۆیاخچی،
مێشی خولیای لای پێڵاوی دەسەڵات بێ
تا دەسەڵات کورسیەکانی لە سەرشانی برسیەکان بێ،
هەتا ئاسمان کراسی شینی لەبەردابێ
هەتا مرۆڤ ژانی عشقی لەسەردابێ
دەنگی شێرکۆ سەوزی سەوزە،
شێعری شێرکۆ شینی شینە

هەتا کچە تەوارێکی هەواری تەلبەندی باتمان،
بەفری قەندیل بکاتە گەرمەلانی خۆی
هەتا هەڵۆی لانە ڕووخاوی ئاگری
لە قەفەزی داڵەکانی ئیمرالیدا
پەلوباڵی هەڵبوەرێ،
تا شمشێری پێ خاوس و ڕیش تۆزاوی بیابانی
لای مەزار و مزگەوتەکەی سەلاحەدین
سەری گوڵ و چاوی کانی و دەستی شاخ و
خوێنی باخی سەلاحەدین حەڵاڵ بکەن
تا باڵندە و نەمامانی پارکی سنە
لە زمانی کانیەکانی سەر ئاویەر نامۆ بژین
هەتا ئاسمان کراسی شینی لەبەردابێ
هەتا مرۆڤ ژانی عشقی لەسەردابێ
دەنگی شێرکۆ سەوزی سەوزە
شێعری شێرکۆ شینی شینە

هەر لە زیخێکی جێماوی
بن گیرفانی ڕەشەباکەی سلێمانی
تا سپیداری حەسرەتی بەفرینی کۆچباری سنە
تا نامۆیی کەوێکی قاسپە ون کردووی لای قامیشلوو
هەتا هاواری زێڕینی منالی کەرکووکی برسی
هەتا ئاسمان، تا خاچ و مار،
تا پەپوولە و باڵای دنیاش
هەر هەموویان موزاییك و شووشەبەند و
دیواری کۆشکی هەزار پەنجەرەی شێرکۆن
لە سەربانی ئەم کۆشکەوە
هەتا دنیا و هەتا ژیان
دەنگی شێرکۆ سەوزی سەوزە،
شێعری شێرکۆ شینی شینە.

■ رە حیم لوقمانی

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 638 ▪ 8 Oct 2014*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایەڵە

## نیشانەکانی بنبەست لە وتووێژە ناوکییەکاندا

**فاتێحساڵحی**

کەمتر لە دوو مانگ ماوە بۆ ٢٤ی ئۆکتۆبر واتە دوا مۆڵەتی گەیشتن بە ڕێککەوتنی ناوکی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئێران لەمەڕ پرۆگرامە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە کە لە میدیا جیهانییەکاندا وەك ڕێککەوتنی مەزن ناوزەد کراوە. بەڵام بە سەرەنجدان بەو ئاماژە و نیشانانەی کە لەملاو ئەو لاوە دەردەکەون وێناچێ کە ئەم لایەنانە لەم ڕێکەوتە دیاریکراوەدا بە ئەنجام بگەین و لە باشترین حاڵەتدا لەوانەیە ماوەی وتووێژەکان بۆ کاتێکی دیکە دوابخرێت کە ئەم حاڵەتەیان سەرکەوتنی ئیستراتژی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا شکستی لایەنی ڕۆژئاواییە، چونکوو کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا سەرقاڵی دانووستان و وتوویژ بووە لە ڕاستیدا تەنیا بۆ وتوویژ، وتووێژی کردووە.

هەرچەند زۆرکەسیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئیدی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و کۆنگرێسی ئەو وڵاتە ڕازیی نابن بە درێژتر کردنەوەی ماوەی وتووێژەکان و لەوانەیە ٢٤ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ بنبەستی فەرمیی دانووستانە ناوکییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا بێت.

ئاشکرا و ڕوونە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نیاز بوون تا لە ڕێگەی ئاژاوە نانەوە و خولقاندنی قەیران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کۆمەڵێك کار و کردەوەی دزێوی دیکە لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆگرامە ناوکییەکانی وڵاتەکەیان کەڵك وەربگرن و هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانیش باشترین مەجالی بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساند کە بە کەڵك وەرگرتن لەم دوکترینە پلانەکانیان بەرەوپێش ببەن. بۆیە ڕووحانی لە دوایین دانیشتنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەقی لێدوانەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا لەهەمبەر پرۆگرامی ناوکیی ئەو وڵاتە نەرمی بنوێنن، کۆماری ئیسلامیش دەتوانێ لە هێورکردنەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین یارمەتیدەری وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا بێت. چونکوو ڕووحانی باس لەوە دەکات کە ئێران تاکە وڵاتێکی ناوچەکەیە کە لە ئارامی و هێمنیدا دەژی و دەتوانێ لە ڕێگای هێژمونی خۆیەوە ئەم ئارامی و ئاسایشەش بگوازێتەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. بەڵام هەروەك دیتمان بە دروست بوونی بەرەی هاوپەیمانی دژ بە داعش و نەبوونی ئێران لەم بەرەیەدا بە شێوەیەکی فەرمیی وڵاتانی دانووستانکار لەگەڵ ئێراندا لەمەڕ کێشەی ناوکیی ئەو وڵاتە وەڵامی ڕەتیان بەم داواکارییەی ڕێژیم دایەوە.

بەهەر شێوە ئەو ماوەی کە تا گەیشتن بە ڕێککەوتنی ناوکی لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا ماوە، ڕۆژانێکی ئەستەم و دژوارە بۆ دەزگای دیپلۆماسیی ئێران بۆ ڕازی کردنی وڵاتانی ٥+١، هەرچەند دەبێ هێما بۆ ئەوەش بکرێت کە لە دۆسییەی ناوکی ڕێژیمدا دەزگای دیپلۆماسی و وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە هیچ ڕۆڵێکیان نییە و ئەوە خودی ڕێبەری ڕێژیمە کە لەم پێوەندییەدا دوا بڕیار دەدات.

بەم پێیە ئێران دەبێ لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئاژانسی وزەی ناوکی بداتەوە و لایەنی بەرامبەر بێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە پرۆگرامی ناوکیی ئێران بە مەبەستی ئاشتیخوازانەیە، پرسێك کە وێناچێ لەم ماوەیەدا ئاوا بە ئاسانی چارەسەر بێت و دۆسییەی ناوکی ئێران و چارەسەر کردنی کێشەکانی بەردەمی، هەنووکە درێژەی دەبێت و ٢٤ی ئۆکتۆبر ڕەنگە یەکەم بنبەستی ناوکی ئێران لەسەردەمی سەرۆك کۆماریی ڕووحانیدا بێت.

# پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات پیشانگایەکی فۆتۆگرافی کردەوە




ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی، کیوان فاتێحی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیشانگایەکی فۆتۆگرافی بە ناوی "من و ئاوێنە" لە مێتۆدی پۆرترە (Portrait) لە شاری کۆیە بەڕێوەبرد.

ئەو پیشانگایە لە دوو نۆبەتی بەیانی و ئێوارە بەڕووی بەشداربواندا کراوە بوو و تێیدا ٢٠ فۆتۆی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات بە شێوەی پۆرترە و "ڕەش و سپی" دانرابوو.

کەیوان فاتێحی لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵنێری کوردستان میدیا، مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئەو پیشانگایەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: "لە هەر شوێنێك زوڵم و زۆرداری هەبێت، بەرەنگاری و خۆڕاگریش هەیە، جەوهەری بەرەنگاری و خۆڕاگریش بیروباوەڕ و ئیمان بەو ڕێگا و ڕێبازەیە. یەکێك لە خسڵەتە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لە مێژوودا و هەتا ئەمڕۆکەش ئەوەیە کە هیچ کات زوڵمی قەبووڵ نەکردووە و هەمیشە دژی ستەم و چەوساندنەوە بووە."

فاتێحی هەروەها لە درێژەدا وتی: "هەمیشە کۆمەڵێك مرۆڤ بەوپەڕی سادەیی و خاکەڕاییەوە ژیان و تەمەنی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوەی کورددا، ئەم خەڵکانە لە تەمەنی خۆیان دەگوزەرێن هەتا نەتەوەکەیان بە ئاوات و ئارەزووەکانیان بگەن."

کەیوان فاتێحی هەروەها وتی: " لە پیشانگای "من و ئاوێنە"دا، ژمارەیەك لەو کەسانە پیشان دراون کە تەمەنی خۆیان بۆ "پێشمەرگایەتی" تەرخان کردووە، حەق وایە و ئەرکی نەوەی دوای ئەوانە کە درێژەدەری ئەو ڕێگا و ڕێبازە بن کە کەسانێکی زۆر لەو ڕێگایەدا شەهید کراون و خەڵکانێکیش سوێندیان خواردووە هەتا سەر درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازەکەیان بن."

شایانی باسە هونەرمەندی پێشمەرگە ماوەی شەش ساڵە کە سەرقاڵی فیلمبەرداری و وێنەگرییە و ئەمەش یەکەم پرۆژەی فۆتۆگرافیی تاکەکەسیی ناوبراوە.

# سندووقی ڕەش بۆ ئۆتۆمبێل دادەندرێت




بەمەبەستی خوێندنەوەی هۆکاری ڕووداوەکانی هاتووچۆ سندووقی ڕەش بۆ ئۆتۆمبێل دادەندرێت.

کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل بە نیازن کە سندووقی ڕەش بۆ سەرجەم ئۆتۆمبێلەکانیان دابنێن بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، تا لەم ڕێگەیەوە زانیاری ڕاست و ورد بەدەست بێنن .

بەڵام هەندێ لەسیاسییەکان ترسیان لا دروستبوو کە ئەم سندووقە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ کاری سیخوری کردن بە سەر تاکەکاندا بەکار ببرێت.

لەسەرەتاوە کۆمپانیاکانی بیمە هەڵسان بە دابینکردنی بڕی تێچوو بۆ ئەو لایەنەی کە تابلۆی تۆمارکردنی جووڵەی ئۆتۆمبێلەکە ئامادەدەکات.

ئەمەش پێویستی بەوەیە کە یەکێتی ئەورووپا یاسایەکی نوێ پەسەند بکا بەو مەبەستەی کە سەرجەم ئۆتۆمبێلەکان سندووقی ڕەشیان هەبێت و ببەسرێنەوە بە مانگە دەستکردەکان ، بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ .

# زیانێکی گەورەی خواردنی پێستی مریشک ئاشکرا بوو



هەرچەندە مریشك بە گۆشتی سپی دادەنرێت و زیانی لە گۆشتی سوور کەمترە، بەڵام خواردنی پێستەکەی زیانێکی زۆری هەیە و دەبێتە هۆی نەزۆکی لە ژنان و پیاوانیشدا.

شارەزایان ڕایدەگەیەنن کەوا پێستی مریشك زیانێکی زۆری هەیە و بە هۆی ئەوەی کە چەورییەکی زۆری تێدایە وهەموو هۆرمۆنی مریشەکەکە لە ژێر پێستەکەدا کۆ دەبێتەوە.

بۆ ئەمەش باشتر وایە پێستەکەی لێبکرێتەوە پاشان ئامادەبکرێت و بخورێت چونکە ئەو مریشکانەی پێستەکانیان لێناکرێتەوە ڕێژەیەکی زۆر هۆرمۆنیان تێدایە کە زیانی هەیە لەسەر تۆوی پیاوان و لاوازی دەکات.

هەروەها کێشەی نەزۆکی دروست دەکات لە ژناندا، بەڵام ئەو مریشکانەی کە پێستەکانیان لێدەکرێتەوە پاشان ئامادەکرێن و دەخورێن ئەوا ڕێژەیەکی کەمتر هۆرمۆنیان تێدایە بۆیە پێویستە خۆ بپارێزین لە خواردنی پێستی مریشك.

شارەزایان ئەوەشیان ڕوونکردوە کە باشتر وایە پیاز و بەهاراتی تایبەتی بەکاربهێنرێت چونکە ڕێژەی هۆرمۆنی مریشکەکە کەم دەکاتەوە.